


# یەکبوون

کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

November : 2013 گۆڤاری یەکبوون ژمارە : ۴۴ سەرماوەز : ۲۷۱۳




## لەم ژمارە یە دا :

* توانای بوون بە دەوڵەت لە دەستی گەلدایە ................. نەجات حەمید ئەحمەد ....................۲
* مێژوو و فەلسەفەی یارسان [ کاکەیی یان ئەهلی حەق ] نووسەر: ت. تاهیری ، وەرگێران بۆ کوردی : بیهزاد خۆشحالی ... ۴
* پێداگری لەسەر مافی چارەی خۆنووسین، توندئاژۆییە یان پاراستنی یەکپارچەیی ئێران ........ نیشتمان فیشال ............ ۸
* ژنان بەشداریی بزووتنەوەی ژنان بن یان بزووتنەوەی نەتەوایەتی .......... شەونم هەمزەیی .................... ۹
* سێکولاریزم ................. لە ویکیپیدیاوە،ئینسایکلۆپیدیای ئازاد .......................۱۱
* نووسەری سەرکەوتووی ئەدەبی منداڵان .............. رەزا شوان ................. ۱۵
* شازادەی کورد لەیلا بەدەرخان [ ۱۹۰۸ - ۱۹۸۵ ] ........... ڕێناس نەورۆزی ................... ۱۸
* زەردەشت : مێژوو، زمان، کولتور، ناسنامە ............. هادی محەمەدی .................... ۱۹
* ڕۆژژمێری مانگی سەرماوەزی ۲۷۱۳ی کوردی ........ ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی .....................۲۴

# تواناى بوون بە دەوڵەت لە دەستی گەلدایە ...

نەجات حەمید ئەحمەد

هیچ هێزێکی سیاسی لە هەر شوێنێکی دنیادا بووبی بە بی ئەو تواناسازیە مانەویەی کە گەلێک هەیبووبی بۆ سەربەخۆبوون نەیتوانیوە بە ئامانجەکانی خۆی بگات لە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. دامەزراندنی هەر دەوڵەتێکیش لە دنیادا بە بی قوربانی دان ویەک هەڵوێستیی گەلێک نەهاتۆتە دی.



بەلایەنی گەلی کوردەوە، هیچ نەبێت لە کوردستانی باشوورەوە لە دوای ڕوخانی سەدام کێشەی بوون بە دەوڵەتی ئەم پارچەیەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە. بەڵام ئەم پەرەسەندنە هەمیشە مەرجدار کراوە و بە کێشە کراوەوبە ئاستەنگ لە نێو گەل ودسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا کەوتۆتەوە. ئەمڕۆکەش هاوکات لە گەڵ ئەو پەرەسەندنانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن، کە تەوژمی گۆڕانکاری و ئازادی وڵاتانی عەرەبیی گرتۆتەوە. ئەو توانای بە دەوڵەت بوونە تەنها لە نێو کایە سیاسیەکەی کوردستاندا وەکو ئەگەرێکی شەرمن بوونی هەیە نەک لە لای گەل و لە نێو سەرجەمی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کورد دا. ئەمەش مانای وایە ئەمڕۆکە کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە ئەو توانا مانەویە مێژوویی و ئەو زەمینە فیکری وسیاسیبەی تێدا نیەو کامڵ نەبووە کە وای لی بکەن وەکو گەلێک کەناڵەکانی فشارخستنە سەری ناوخۆیی و ناوچەیی و نێو دەوڵەتیی هەبێت بۆ سەربەخۆبوون و بوون بە دەوڵەت. لە دوای ڕوخانی سەدام وخۆنیشانداان و گۆڕانکاریەکانی جیهانی عەرەبی، کورد لەم پارچەیە بی دەنگیی هەڵبژاردو بەڵکو دەنگەکانی. ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستاندا بوون نەبوونە هۆکارێکی بە هێز کە زەمینەیەکی ڕای گشتیی بە توانا لە نێو خەڵکی کوردستاندا بخوڵقێنن کە بیر لە سەربەخۆیی وبوون بە دەوڵەتی خۆی بکاتەوە، کە ناچارم لێرە دا خوێندنەوەیەک بۆ ئەو بارە ڕۆشنبیری وفیکری و سیاسیە بکەم کە کورد وەکو گەلێک پێیدا گوزەر دەکات،

١- لە ڕووی ڕای گشتیی خەڵکی کوردستانەوە لە دەربڕین لە خۆکردنی کورد لە دوای ڕوخانی سەدامەوە تاکو ئەمڕۆکە تەنها یەک جار بۆ داواکردنی سەربەخۆیی ومافی بوون بە دەوڵەتی خۆی نەهاتۆتە سەرجادە، لەو کاتەی بۆ دەربڕین کردن لە بردنەوەی تیپی فووت بۆڵێنی عیراقی وڕوخاندنی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان هاتۆتە سەرجادە و گوشارێکی گەورەیان لە سەر ئەو واقیعە تراژیدیەی کورد دروست کردو و ئەمەش لە سەر حسێبی هەستی نەتەوەیی بوە لەو سەردەمەی کە ڕەخسانی زەمینە سازیەکی ناوچەیی و نێو دەوڵەتی لە ئارادا بوو بۆ سەربەخۆبوونی کورد. ئەمەش مانای وایە بیری بوون بە دەوڵەت بوون لەلای مرۆڤی کورد بە گشتی بیرێکی ترسناک ونەویستراوە، بیرێکە دەبی لە هەموو مەترسی و ئەگەرێکی نەخوازراو دوور خرێتەوە ئنجا دەربڕین لە خۆی بکات. کە ئەمەش پەیوەندیی بە مێژووی پڕ لە کارەسات وتراژیدیاکانی ممێژوەکەیەوەی هەیەو بیری بوون بە دەوڵەت لە پاشخانی بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردا هێشتا ناکامڵە و پەیوەستە بە گەلاڵەیەکی چەپاندنی دەروونی و فیکریی کوردەوە،

٢- لە نێو میدیای کورد دا بە تایبەتی ئەو میدیایەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەری نیە واتە بەشێک لەو میدیایەی کە بە میدیای ئازادی ناو دەبەن، کێشەی بوون بە دەوڵەت بە کێشەی لاواز کردنی دەسەڵات لە کوردستان وهەوڵدان بۆ ڕوخاندنی ئەو دەسەڵاتە جێگەی کراوەتەوە، ئەم مەیلە ڕوخێنەرەی میدیای ئازاد لە ڕووە فیکری وڕۆشنبیریەکەوەی مەیلێکە لە سەر حسێبی ئەو شیان وڕەخسان وڕێکەوتە مێژوویەدایە کە کورد دێتە پێشی وپێویست بەوە دەکات دەربڕین لە ئیرادەی خۆی بکات بە تایبەتی لە مەسەلەی بوون بە دەوڵەتدا. لە پاش ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ناوچەکەدا هاتنە کایەوە ئەم هەڵمەتە لە بەرزبوونەوە دا بوو کە چەندێکیش لە بەرز بوونەوە دا بووبێت ئەوەندە بیری دەربڕین لە خۆ کردن وئیرادەی بوون بە دەوڵەتی لە لای مرۆڤی کورد لاواز کردووە. هەر لە دوای ڕوخانی سەدامەوە تاکو ئەمڕۆ کێشەی یەک جاری ئەو میدیایە کێشەی بوون بە دەوڵەت نەبووە و نەبۆتە گوشارێکی فیکری و نەسیاسی و نەکۆمەڵایەتی لە سەر هیچ یەکێک لە ڕای گشتی لە کوردستان و دەسەڵاتەکەی، ... هەزاران نامەو یاداشت نامە لە لایەن ئەو میدیایەوە ڕەوانەی نەتەوە یەک گرتوەکان وسەرۆکی وڵاتان و بالیۆزخانەکان و دەوڵەتە گەورە و ڕێکخراوەکان کراوە، لە سەر کێشەی زۆر ئاسایی.. بەڵام تەنها یەک هەوڵ ویەک نامەو یاداشتنامە بۆ هیچ لایەنێک لە لایەن ئەو میدیایەوە نەنێردراوە کە دەربڕین لە مافی بوون بە دەوڵەتی گەلی کوردستان بکات. لەو کاتەی نەخوێندەوارێکیش دەرک بەو ڕاستیە مێژوویی و مرۆڤایەتیە دەکات کە گەلی کوردستان کە نزیکەی چل ملیۆن مرۆڤە هێشتا، لە دنیای ئازاد و سیستەمی نوێی جیهانی و تەوژمی سەربەخۆیی وباوەڕی دەست تێوەردانی نێو دەوڵەتی و هەموو ئەو باوەڕە جیهانیانەی کە ماف دەدەنە گەلان داوای مافە مرۆڤایەتی و سیاسیەکانی خۆی بکات. بەڵام هێشتا نەتەوەیەکی چل ملیۆنی لەم جیهانە دا دەوڵەتێکی سەربەخۆی نیە و ئەمەش پێچەوانەی هەموو ئەو باوەڕە مرۆڤایەتیانەیە کە جیهانی نوی پێی گەیشتووە. بە داخەوە ئەو میدیایە ئەوەندەی خەریکی کێشەی خۆ بە خۆیی بووە سەدا یەکی تواناکانی بۆ ئەم ئامانجە گەورە و چارەنووسسازە تەرخان نەکردووە،

٣- لە ڕووی فیکریەوە ئەوانەی بانگەشەی نووسینی فیکری و فەلسەفی دەکەن، خەونی بوون بە دەوڵەت بە هیچ شێوەیەک گرفت نەبووە لە لایان، بەڵکو زۆرینەی ئەو نووسینانەی بانگەشەی فیکریان تێدا بووە بە جۆرێک مامەڵەی لە گەڵ دەسەڵات و گەلی کوردستاندا کردووە وەکو ئەوەی کورد خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بێت وگەلی کوردستانیش لە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دا بژی بۆیە ڕەخنە گرتن لە دەسەڵات لە سەرووی هەموو بیرکردنەوەیەک وتاکە جێگرەوەی هەموو بیرکردنەوەیەک بوو، شوێنی سەرسوڕمانە لە نێو ئەو بانگەشە فیکریانە دا هەستی نەتەوەیی بوونی نەبووە، بەڵکو زۆر جار ئەو بیرە سووکایەتیشی پی کراوە،

٤- بە لایەنی هاتنە کایەوەی ئۆپۆزیسیۆنەوە لە کوردستاندا کێشەی گرتنە دەستی دەسەڵات لە ژێر پاساوی گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی خەڵکی کوردستان. لە هاندانی شەقام دژی دەسەڵات لە کوردستان. دیسانەوە ئەو توانایە تووشی گەورەترین شکستی مێژوویی بوو، لە لایەکەوە نەیتوانی هیچ گوشارێکی سیاسی بخاتە سەر دەسەڵات لە کوردستان کە هەنگاوی سیاسی و عەقڵانی و فیکری بهاوی بۆ نزیک بوونەوە لە سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە نەیتوانی زەمینەیەک بۆ ڕای گشتی لە کوردستان و جیهاندا بخوڵقێنێ کە هۆکارێکی ڕۆشنبیری و سیاسی و فیکریی زیندوو بێت بۆ گەلی کوردستان ودەربڕین کردن لە هیواکانی خۆی. لە نێو شەڕی یەکتر تۆمەتبار کردن و هەڵگرتنی دروشمی دژ بە یەک ودووبەرەکیی جەماوەری و دابەش کردنی خەڵکی کوردستان لە نێوان پشتگیری کردن لە مانەوەی دەسەڵات و لابردنی دەسەڵات لە نێو بیری تۆ لە گەڵ دەسەڵاتدای یاخود دژی دەسەڵاتی، بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان ودەوڵەتەکەی بوونە کێشەیەکی لە بیرکراو. شوێنی نیگەرانی و داخە کە لە سەردەمێکی ئاوا گەشی مێژووییدا کە گەلان بەرە و ئازادی وسەربەخۆیی دەچن وئێمەش تازە لە سەر بناغەی دەسێەڵاتدارێتی و بەرژەوەندیی لابەلا دژی یەکتر دەبین، لەو باوەڕەدام ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان لە کارکردنی لەم ڕێچکەیەدا سەرکەوتنی زۆر گەورەی بە دەست دەهێنا. هەموو ئۆپۆزیسیۆنێک لە دنیادا قەتاو قەت لە بەرژەوەندیە ستلراتیژی و نەتەوەییەکانی خۆی دوور نەکەوتۆتەوە. تەنها لە کوردستاندا بەم ئاراستە خراپە دا ڕۆیشت، مەبەستیش لێرە دژ بووون نیە بەرامبەر بە ئیرادەی چاکسازی ولە ناوبردنی گەندەڵی لە کوردستان ئەمە خۆی لە خۆیدا دەربڕین کردنێکی کاریگەرە بۆ گۆڕانکاری وچاکسازی بەڵام داخەکەم تۆ لە بارو دۆخێکی مێژووییدا هەڵێکت لە پێشە کە بەرە و سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوون بچیت و ئەوەتانی بە دەستی خۆت لە گۆڕی دەنێیت. ئێستا دەزانم ئەوانەی پێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەیەن دەپرسن ودەڵێن ئەوە دەسەڵاتی سیاسی نیە لە کوردستان کە خەریکی ڕێکخستنی دەسەڵاتە لە عێراق و سازشکاریی سیاسی دەکات بەرامبەر بەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدایە و هەر ئەوانیش نین ئەم بیرەیان سەرنگوم کردووە. ؟

٥- ئەم لێکدانەوە و پرسیارە لە شوێنی خۆیدایە، بەڵام تێگەیشتن و لێکدانەوەو شیکردنەوەی دەوی. دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان دژی ئەگەری بوون بە دەوڵەت ومافی سەربەخۆیی کوردستان و گەلەکەی نیە، بەڵکو تێڕوانینی دەسەڵات بۆ ئەم مەسەلەیە پابەند کراوە بە ئەگەر و شیانە سیاسیەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێو دەڵەتی و ئەم ئەگەرانەشی پەیوەست کردووە بە دەستووری عێراقیەوە کە ئەگەری بوون بە دەوڵەتی کوردستانی تێدایە چونکە کوردستان خاوەنی سی پارێزگایەو مافی خۆیەتی لە هەندێک بارودۆخی جیاوازدا داوای ئەو مافە بکات. بەڵام ئەم بەندانەی دەستوور بە تەنها ڕێگە نین، بەڵکو پەیوزەستە بە کۆمەڵێک ڕێگەی دیبلۆماسی و ئابووری وسیاسیەوە، لەوانە خۆشکردنی زەمینە لە کایە نێو دەوڵەتی و لە لای دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانەوە، ، بۆ نموونە ئەمریکا هەر لە سەرەتای ئازاد کردنی عێراقەوە باوەڕی بەوە هەیە کە ئەوان دژی ئیرادەی گەلی عێراق نین وگەلی عێراق چیان ویست ئەوان دژی ناوەستن. هێنانەوەی ئەم بیرە سیاسیە لە واقیعی گەل و دەسەڵات لە کوردستان و لە داواکردنی ئەم مافە بەو ساکاریە تێپەڕ نابێت، چونکە کێشەی زۆر دێنە بەردەم بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، کەواتە دەسەڵاتی سیاسی بە بی ئیرادەی خۆی دەبی بگەڕێتەوە لای دەستوور و عەرەب و ئەمریکیەکان، هەروەها بۆ لای تورکیا و ئێران و وڵاتانی ئەوروپی. ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم ئەو دەسەڵاتە سیاسیە پێگەو هەوڵی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەگەیشتە کوی ئەگەر گەلی کوردستان بە هێزەوە دەربڕینی لەو مافانەی خۆی بکردایە و داوای دەوڵەت وسەربەخۆیی خۆی بکردایە، لە زۆر ڕووەوە ئەو دەبڕین لە خۆ کردنە لە لایەن دەسەڵاتەوە یەک لایەنە بوە و هیچ پشتگیریەکی جەماوەری وزەمینە سازیی نەتەوەیی تێدا نەبووە، سەیرە لە ڕیفراندۆم لە سەدا نەوەد و نۆی کورد دەنگی بۆ مافی سەربەخۆیی دا بەڵام ئەو دەنگدانە سەرتاسەریە نەیگەیاندە ئەوەی یەک خۆ پێشاندان بۆ سەربەخۆیی خۆی ڕێکخات؟

٦- دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا هەروەها لەو باوەڕەی خۆیدا کە خۆش کردنی زەمینەی ئاووری و سیاسی و دیبلۆماسی و ڕۆشنبیریی کوردستانە بۆ هەنگاو نان بەرە و دەوڵەت بوون، هەروەها لە ساڵانی ڕابوردوو دا نەیتوانی بە تەواوەتی و بە پەلەو لە دووتوێی بەرنامەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری و فیکری کار بۆ ئەم ئاراستەیە بکات. بەشێکی زۆری ئەم توانایانە لە چەمکەکانی بازرگانی کردن وقۆرخ کردنی دەسەڵات وخۆ دەوڵەمەند کردن وخۆ خەریک کردن بە کاری دیکەی ژیانەوە بە هەدەر دران، بەشێکی دیکەشیان بە هۆی کەم فیکری و نابەرپرسیارێتی و ئامادەنەبوون بۆ قوربانی دان وکارکردن بۆ ئەم ئاراستەیە بە فیرۆ دران وئەمە وای کرد واقیعێک لە کوردستاندا بچەسپی کە بیری بە دەوڵەت بوون ببێتە کارێکی نهێنی و ستراتیژی کە میدیاکان خۆیان لی بپارێزن. ئەمەش بێگومان هۆکاری خۆی هەیە، کە گوشارەکانی دەوڵەتانی دراوسی لە سەروویانەوە بووە، لە ڕاستیدا هەنگاو نان بە ئاراستەیەک کە کۆی هێزی بیرکەرەوە و ڕای گشتی لە کوردستاندا بۆ بیری بە دەوڵەت بوون بجووڵێنی، پێویستیمان بە چەند ڕێگەیەکی عەقڵانی و سیاسی ورۆشنبیری هەیە کە بە کورتی لەم خاڵانە دیاریان دەکەم:

١- یەک گرتنەوەی هەموو هێزەکانی کوردستان لە سەر بناغەی پرۆژەیەکی سیاسی وعەقڵانی کە بناغەکەی بیری نەتەوەیی بێت، هاوشانی ئەو چاکسازیەی کە هەنگاوی باشی تێدا نراوە. ئەو پرۆژەیەش ناوەڕۆکەکەی لە بیرێکی ساکاردا بێت بۆ کارکردن لە سەر بناغەی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان،

٢- ئەم پرۆژەیە وا دەخوازی کە ناکۆک نەبێت لە گەڵ باوەڕە نێو دەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ وکارکردنێک بێت لە سەر پرەنسیپ وباوەڕە مرۆڤایەتی ورێکخراوەیی نێو دەوڵەتیەکان و بۆ ئەمەش ئەو کارانە دەبی لە دوو توێی بەرنامەیەکی سیاسیی ووردبینیدا بێت کە خوێندنەوە بۆ لایەنی سیاسی ویاسایی و دیبلۆماسیی پرۆژەی لەم بابەتە بکات ودوور بێت لە هەموو هەڵەو توند ڕەوی وبەرز کردنەوەی دروشم و هاندانی ناشارستانی،

٣- هاوبەشی کردنی ڕۆشنبیرانی کوردستان لەم پرسە نەتەوەییە دا ئەویش بە پێک هێنانی ئەنجومەنێکی نیشتیمانیی سەربەخۆ کە هەموو لایەک تیایدا بەشدار بن، چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی کوردستان

٤- بە هێز کردنی لووبیەکی کورد لە دەرەوەی وڵات بەرەو بیری سەربەخۆبوون و کارکردن بۆ ئەم ئامانجە،

ئەمانە بە کورتی و زۆر بە سادەیی ڕێگەیەکن بۆ هەنگاوی گەورە بەرەو داهاتووی کوردستان و گەلەکەی وبەرە و دانانی بناغە سیاسی وفیکریەکانی دەوڵەتی کوردستان. وپێویستیی بە وورد بوونەوەی زۆرو لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە، بەو هیوایەم ڕۆژێک لە ڕۆژان گەلی کورد بە یەک دەست و یەک ئامانج ویەک بیرکردنەوە کار بۆ پرۆژەیەکی نەتەوەیی بکات.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان نێت / ڕێکەوتی : ٢١ی جوولای ٢٠١١

# مێژوو و فەلسەفەی یارسان (کاکەیی یان ئەهلی حەق)

نووسەر: ت. تاهیری / وە رگیران بو کوردی: بیهزاد خوشحالی



کوردەکانی "یارسان" نەتەوەیەکی ئارایی لە لقی هێندوئەورووپین کە لە زەمەنێکی نادیاردا، واتە چەند هەزار ساڵ پێش زایین هاتوونەتە ناوچەی ئیستای کوردستان، کە کەوتووەتە باشووری ئەرمەنستانەوە . بە بۆچوونی هەندێک لە زانایان، کوردەکان لە کەناری باکووری "زەریای بالتیک"ـەوە بەرەو ناوچەی زاگرۆس کۆچیان کردووە. "دکتۆر کونتینو" لەم بارەیەوە دەڵێ: "لە هەزارەی چوارەمی پێش زاییندا، هۆزگەلێک لە باشووری سیبریاوە بەرەو کێوەکانی زاگرۆس کە پێیان دەگوترێ "ئازیاتیک" کۆچیان کرد. دوای ئەوان، واتە لە هەزارەی سێهەمی پێش زاییندا کۆمەڵە هۆزێکی تر بەرەو ئەو ناوچەیە کۆچیان کرد کە پێیان دەوترێ هێندوئەورووپی".

ئەم هۆزە کۆچکردووانە لەگەڵ کۆچکردووانی پێشتردا، تێکەڵاوی یەکتربوون و ناوچەی زاگرۆسیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان . بەڵام بە باوەڕی هەندێک لە زانایانی تر، پێش ئەوەی هۆزە کۆچبەرەکان بگەنە کێوەکانی زاگرۆس، هۆزگەلێکی تر لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون کە بە هۆزە زاگرۆسییەکان ناو بانگیان دەر کردووە. "محەممەد مەردۆخی کوردستانی" دەورەی یەکەمی مێژووی کورد دەباتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ پێش زایین "تا ساڵی ٣٦٠٠ پ. ز" واتە ئەو ساڵەی کە دەسەڵاتی "نارامسین" کوڕی "سارگۆنی یەکەم" دوای هێرشی هۆزەکانی گۆتی "کوردە ئاراراتییەکان" هەرەسی هێنا و دەوڵەتی "گۆتی" سەری هەڵدا .

"محەممەد ئەمین زەکی"، بنەرەتی ڕەگەزی کورد دەباتەوە سەر دوو بناخە، یەکەمیان: هۆزە خۆجێییەکانی زاگرۆس و دووهەم: هۆزە کۆچکردووە ئارياييەكان (مادەکان)، کە هۆزە خۆجێییەکان بریتین لە:

١- "لوولووبی" یان "لوولووئی"یەکان. کە لە هەرێم گەلی نێوان "کرماشان" و "بەغدا" و "شارەزوور" و "ورمێ" دا نیشتەجێ بوون. پەیکەری "ئانوبانینی" لە "سەرپولی زەهاو" میراتی ئەو سەردەمە مێژوویيیە.

٢- "کاسی" یان "کاسای"یەکان، کە لە هەرێمی لوڕستانی ئیمرووییدا نیشتەجێ بوون. ئەگەری ئەوە هەیە کە باکووری "لوڕستانی" ئەو سەردەمە تارادەیەک لەگەڵ هەرێمی "ئەلیبی"دا کە "ئاشوورییەکان" زۆرجار ناویان بردووە، پەیوەندی هەبووبێت.

٣- "هووری"یەکان و "میتانی"یەکان کە لە ناوچەکانی "تورکیا" و" سووریا"ی ئەمڕۆدا، لە "فوراتی" ناوەندی نێوان "موسڵ" و "ترابلس" دا نیشتەجێ بوون. کۆنترین ناوی هووریەکان "یان نەتەوەیەکی تر کە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ ئەواندا هەبووە""سۆباری" بووە و زانایان لە سەر ئەو باوەڕەن کە وڵاتی "هووری" لە نێوان هەرێمەکانی "میتانی" و باکووری "سووریا"دا هەڵکەوتبوو و پایتەختەکەی شاری "ئورفا" بووە.

٤- "گووتی"یەکان. ئەم هوزە یەکێک لە هۆزە گەورەکانی "کوردستان" بوون، کە بە باوەڕی زانایان تەواوی هۆز و تیرەکانی "زاگرۆسیان" گرتووتە خۆ. "گۆتییەکان" لەسەرچاوە کۆنەکاندا بە ناوەکانی "گۆتی، کاردۆ، کردوئین و کاردۆخی"یش ناسراون. دەوڵەتی گووتی، هەروەها کە لە خشت نووسە ئاشورییەکاندا ئاماژەی پێکراوە، حکومەتێکی "خان خانی" بووە و زۆربەیان پەیڕەوی ئایینی "میهرپەرەستی"، واتە میترائیسم بوون .

٥- "نایری"یەکان یەکێکی تر لە قەومە زاگرۆسییەکانن کە لە باکووری "نیگاس" (کێوەکانی توور عابدین) لە ناوچەی "دیاربەکر" و "خەرپوت" و "دەرسیمی" ئەم سەردەمەدا نیشتەجێ بوون. "مینۆرسکی" لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "حکومەتی نایری لە هەرێمی بۆتانی ئەمرۆژیدا دامەزرابوو و لە سەردەمی خۆیدا بە وڵاتێکی بەرفراوان لە قەڵەم دەدرا." لە درێژەدا بەشێوەی خوارەوە ئاماژە دەکا بەو نەتەوە یان تیرە و هۆزانەی کە دانیشتووی هەرێمەکانی باکووری دەشتی "شووشن" و ئەو هۆزانەی کە کەمتر لەگەڵ ناوەندی ئێراندا پەیوەندی دەگرن، بەڵام بە بەردەوامی لە گەل وڵاتی سۆمەر و سامی ڕەگەزەکانی "میزۆپۆتامیا"دا پەیوەندییان هەیە، کە بریتین لە:

"عیلام"یەکان، "کاسی"یەکان، "لولوبی"یەکان و "گوتی"یەکان، کە هەموویان سەر بە یەک لقی ڕەگەزین و زمانەکەشیان لە یەک نزیکە .

جیا لەو هۆز و تیرانەی کە پێشتر باسیان کرا، هۆزە ئارياييەکانیش لە سەرهەڵدان و پەرەسەندی حکومەتی "ماد"دا کە بە"مدیا"، "ئامادا"، "مد" و "میدی" ناوی براوە، ڕۆڵێکی بەرچاویان بووە. هۆزە ئارياييەکان، گوایە لە سەدەی نۆهەمدا لە لەوەڕگا پان و بەرینەکانی "ڕووسیە"ی باشوورییەوە بەرەو ناوچەی زاگرۆس کۆچیان کردووە و ئاوێتەی دانیشتوانی پێشووی ئەم هەرێمە بوون و لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زایین. لە سەرەتادا "یەکیەتیماننا" و دواتر حکومەتی "ماد"ی سەربەخۆیان پێکهێنا. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەندێ لە زانایان لە سەر ئەو باوەڕەن کە گوایە کۆچی هۆزە ئارییەکان بۆ ناوچەی زاگرۆس لە دوو قۆناغدا ڕوویداوە. یەکەم: لە هەزارەی دووهەمی پ. ز بووە، لەوکاتەدا بە پێی نووسینی سایکس، هەرێمی ماد بە سێ ناوچە یان پارێزگا

دابەشدەکرا: "مادی گەورە" کە دەبێتە "ئەراک"ی ئەمرو ، مادی "ئاتروپاتن" کە ئازەربایجانی ئێستایە و مادی "ڕاجێنا" یان "ڕاگیانا- ڕەی کۆن" کە ئەمرو کە ناوچەیەکە لە دەڤەری تاراندا .

"دیاکونوف"یش سنوورەکانی هەر یەک لەو سێ پارێزگایەی بە وردی دیاریکردووە کە تاڕادەیەک لەگەڵ وتەکانی "حەمدالله مستۆفی" دایە کە ناوچە کوردنشینەکانی بە شانزە ولایەت دابەشکردووە و سنورەکانی دەستنیشان کردوون، یەک دەگرێتەوە.

مستۆفی نووسیویەتی: "کوردستان لە نێوان ئێراقی عەرەب و خوزستان و ئێراقی عەجەم (ئەراک) و ئازەربایجان و دیاربەکردا هەڵکەوتووە و بە گشتی شانزە ولایەتە کە ناوەکانیان ئەمانەن: ئالانی، ئەلیشتەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاج خاتوون، دەربەندی زەنگی، دزبیل، دینور، سوڵتان ئاوای چەمچەماڵ، شارەزوور، قرمیسین "کرماشان"، کەرەند و خۆشان، کەنگاوەر "قصر القصوص"، ماهیدەشت "مایدەشت"، هەرسین و وەستام .

بە واتایەک، ئەگەر بمانەوێت بە بێ ڕەچاوکردنی سنووره سیاسییەکانی نێوان ئێران و ئێراق و تورکیا و سوریا، نەخشەی کوردستان بە گشتی بخەینە بەرچاو، دەبێ بچینە سەر وتەکانی محەممەدی مەردۆخ کە نووسیویەتی: کوردستان بریتیە لە شەش هەرێم: دیاربەکر، دەڤەری موسڵ، سنە، ساباڵغ "موکریان"، کرماشان و لوڕستان . کەواتە کوردستان لە کێوەکانی ئارارات "ئاگری" لە تورکیاوە دەستپێدەکات و بەرەو باشوور درێژدەبێتەوە و هەموو بەرزاییەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران تا دەشتاییەکانی باشووری پارێزگای خوزستان دەگرێتە خۆی. لە ئێراقیش لە باشووری مەندەلیەوە تا مووسڵ و لەوێوە تا حەسەکە "باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا" و "قەزای ئەنتیپ و سیواس" لە "تورکیا" درێژەی هەیە.

کوردەکان لە ئێراندا بە بەراورد لەگەڵ کوردەکانی ئاسیای بچووک ڕێژەیان کەمترە . شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی ئەهلی حەق (یارسان) لە کوردستاندا، لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە هەندێک گۆڕانکاری بە خۆوە دیوە. بەڵام ئەوەی کە هەمووان لە سەری پیدا گری دەکەن ئەوەیە کە لە سەرەتادا ئایینی ئەهلی حەق (یارسان) لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و لوڕستان بڵاوبووتەوە و گەشەی کردووە، جادواتر گەیشتووتە ناوچەکانی تری ئێران "کرماشان، هەمەدان، ئازەربایجان، تاران، زەنجان و باکووری ئێران" و تەشەنەی سەندووە. پەیڕەوانی ئەم ئایینە، لە ئێراق لە ناوچەکانی خانەقین، کەرکووک، مووسڵ، سلێمانی، هەولێر و بەغدا جێواربوون، لە تورکیاش لە دەرسیم و سیواس، نیشتەجێن. هەروەها ژمارەیەکیش کوردی ئەهلی حەقیش لە ڕووسیا، لە ناوچەی ئەلیزابت پول سەر بە ناحیەی قارس دەژین . ئەهلی حەق لە قەفقازیش هەن و لەوێ بە کوردی ڕەسەن لە قەڵەم دەدرێن و ئایینەکەشیان وەک ئایینێکی تایبەت ڕەچاو دەکرێ .

هەروەها ژمارەیەک لە پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە وڵاتانی هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان دەژین کە بە "زکری" بەناوبانگن و لە "توربەت" و "میشکی" و "گریشە" نیشتەجێن و چیای "موراد" لە توربەت بە شوێنی پیرۆزی خۆیان دەزانن. هەروەها هەندێکیان لە دەڤەری "مەزار شەریف" و "دوشی" و "پول خومر" نیشتەجێن کە پەیڕەوی بنەماڵەی یادگارن و مەسنەد نشینەکەیان "سەید مەنسووری نادرییە".

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە دوای دەرکەوتنی "قووشچی ئۆغلی" لە ناوچەی "ئازەربایجان" و هەروەها کۆچی "خان ئاتەش" بەرەو ناوچەی "سەهەند" کە بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە لەو ناوچانەدا، ژمارەیەک لە تورکەکان هاتنە ناو پەیڕەوانی ئایینی "یاری"یەوە و تائێستاش هەر لە سەر ئەم ئایینە ماونەتەوە .

ئەڵبەت گومان لەوەدانییە کە سەرەتای دەستپێکی ئەم بزاڤە ئایینیە لە ناوچەی "لوڕستانەوە" بووە و دواتر بەرەو باکووری "گۆران" پەرەی ئەستاندووە. هەر لەبەرئەوە ناوچەکانی لوڕستان و باشووری کوردستان، لە کۆنترین بیرەوەرییەکانی "گۆران"ەکاندا شوێنێکی بەرچاوی هەیە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە شوێنە پیرۆزە دێرینەکانی ئەو ناوچانە، وەکوو "ئاتەشکەدەی تاقگرا" نزیک بە شاری "زەهاو" یان "دووکانی داوود" کە پەیکەرێکی دێرینەیە و دەرکەوتووە و پەیوەندی بە "ئاگر پارێز"ییەوە هەیە، بە پیرۆز بزانن و ناوی "دووکانی داوود"ی لە سەر دانێن و وەک میراتی پیرۆزی خۆیان ڕێزی لێبگرن.

پەرەسەندنی ئەم هزرە لە لوڕستان بەرەو ناوچەی کرماشان و هەورامان، بوتە هۆی بڵاوبوونەوەی لە ناو هۆزی "کەلهوڕ" (کەلەر یان لەک) کە لەو سەردەمەدا بە یەکێک لە هۆزە سەرەکییەکانی پەیڕەوی ئەم ئایینە لە قەڵەم دراوە. ئەمەش لە بەر ئەو هۆیە بووە کە ئەم هۆزە "یەک جێنشین" بووە و بۆچوونەکانی "شاخۆشین"ی لە بەرژەوەندی خۆیا دیوە و بڕوای پێکردووە.

"شەمسەدین بدلیسی" ئەم هۆزەی "کەلهوڕ"ی بە سێ لق دابەشکردووە: "پەڵەنگانی، دەرتەنگی" و "ماهیدەشتی" . "ئاکۆپوف" لە کتێبی "کوردانی گۆران و کێشەی کورد لە تورکیا"، "ماهیدەشتی" لە نێوان سنوورەکانی ئێراق و ئێران لە باکووری خانەقین داناوە، "دەرتەنگی" بە کرماشان زانیوە و "پەلەنگانی" وەک یەکێک لە ناوچەکانی نزیک بە چەمی ئەڵوەند دەست نیشان کردووە. بەڵگەشی بۆ ئەم شوێنەوارناسییە ئەوەیە کە گوایە چەمی ئەڵوەند باریکە ئاوێکی "لقێکی" هەیە بە ناوی "پلکانە"و بەو پی یە کەواتە ناوچەی "پەڵەنگان" دەبێ نزیک ئەو لقەی ئەڵوەند بێ .

بەڵام ئەم بۆچوونە خالی لە گومان نییە، چونکە ئاشکرایە "پەڵەنگان" یەکێکە لە قەڵا دێرینەکانی ناوچەی هەورامان و تائێستاش شوێن و ئاسەواری هەر ماوەتەوە. ئەم قەڵایە ماوەیەکی زۆر بە دەست هۆزەکانی کەلهوڕ و گۆرانەوە بووە . دوور نییە ئەم قەڵایە لە کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمدا لە لایەن "شاخۆشین"ی لوڕستانی و پیرشاڵیاری هەوراميیەوە، کە یەکێک لە یارانی شاخۆشین بووە، بە کارهێنرابێت.

بە پیی نووسەری "حدیقە ناصریە": هۆزەکانی گۆران و کەڵهوڕ، کە لە هۆزە بەناوبانگەکانی کوردستانن، لە قەڵای پەڵەنگاندا نیشتەجێ بوون. بەڵام ئەردەڵانەکان کە ماوەیەک لە موسڵ و دیاربەکردا خاوەن دەسەڵات بوون، بە ناچاریی بەرەو شارەزوور کۆچ دەکەن و لە ساڵی "٥٦٤"ی کۆچیدا لەو ناوچە حکومەتێکی سەربەخۆ پێکدێنن و قەڵای زەڵم سازدەکەن و دەیکەنە "دارالمک"ی خۆیان. دواتر ورده ورده دەست بە سەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا دەگرن، کە پەڵەنگانیش یەکێک لەو ناوچانەیە .

پەڵەنگان کەوتوتە ناوچەی هەورامان و هەروەها کە پێشتر باسمان کرد ماوەیەک لە ژێر ڕکێفی شاخۆشینی لوڕستاندا بووە و وێڕای ئەوەی کە ئەو زاتە پیرۆزە لە ناوچەی لوڕستان سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، بەڵام بەڵگە مێژوویيەکان لەوانە دیداری لەگەڵ "بابافەقی"ی خەڵکی ریجاب ، گۆڕی ئیمام دووجانە لەو شوێنەدا، کە چۆنییەتییەکەی لە کەلامی ...

هەروەها ئاماژە کراوە کە "پیرشاڵیار"ی هەورامی، کە مەزارەکەی لە هەورامان تەختە و هەر لەو شوێنەش نیشتەجێ بووە، ڕوونی دەکاتەوە کە شاخۆشین لە ناوچەی هەورامان دا چالاکی هەبووە.

دەتوانین بڵێین یان هەورامان لەو سەردەمەدا ناوەندێکی بەهێز و توانا بووە و هەر بەم بۆنەوە سەرنجی شاخۆشینی ڕاکێشاوە، یان هۆکارگەلێکی تر بووەتە جێگای سەرنجی شاخۆشین.

سەرەڕای ئەمانە، ناوچەی هەورامان و بەشێ لە شارەزوور وەک پێگەی ئایینی "یاری"، هیچ کات بایەخی خۆیان لە دەست نەداوە، ئەویش ئایینێک کە ڕۆژهەڵاتناسانی بەناوبانگی فەڕەنسی، نزیک بە یەک سەدە پێشتر بەم شێوەیە وەسفی کردووە: ئایینی یاری، ئایینێکی گرینگی ئێرانە کە هەم لە بواری "ئەحکام" و هەم ژمارەی زۆری پەیڕەوکەرانی، بەڕاستی سەرنج ڕاکێشە .لە واقعدا دوای

موسلمان بوونی خەلکانی هەورامان لە سەدەکانی چوارەم و پینجەم و کوشش بو پەرەدانی ئیسلام لە ناوچەکە هاوکاتە لە گەل سەرهەلدانی بینشی یارسانی نومسلمانە دەمارکرژەکان بیروبووچی ئایدیولوژیکی خویان دەکەنە ئامرازی گوشار خستنە سەر یارسانییەکان و بەستینی کوچی خەلکانی ناموسلمان لە ناوچەکە. لە واقیع دا دوای موسڵمان بوونی خەڵکانی هەورامان لە سەدەکانی چوارەم و پینجەم و کوشش بۆ پەرەدانی ئیسلام لە ناوچە کە هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی و بینینی نومسلمانە دەمارگرژەکان بیروبووچی ئایدیولوژیکی خویان دەکەنە ئامرازی گوشار خستنە سەر یارسانییەکان و بەستینی کوچی خەڵکانی ناموسلمان لە ناوچەکە وەدی ئەهینن و هیواش هیواش لە ناوەندی هەورامان جیگیر دەبن.

بویە ئیستا ناتوانین وشەی "گوران" بە ناوچەی ئیستاکەی "هەورامان" بچەسینین. ئەمە لەحاڵیکدایە کە "گوران" ناویکی گشتی دانیشتوانی ناوچەگەلی ناوەندی کوردستان هەر لە "لورستان" تا "موکریان" بووە و دانیشتوانی ئەمروی "هەورامان" ئیتر "گوران" و پەیرەوکەری ئایینی "یارسان" نین بەڵکوو "گوران" بە خەڵکانی ئیستای باشووری هەورامان دەگوتریت. بە واتا، ئەو هەشت عەشیرەی کە لەناوچەگەلی "شاەئاباد" و "کرند" و دەوروبەر ئەژین و بریتین لە:

"گەهوارەیی"، "قلخانی ئەسپری"، "قلخانی بارامی"، "تفەنگچی"، "تایشەیی"، "دانیالی"، "بی¬بیانی" و "نیریژی". خوالیخوشبوو "دیهخودا"ش لە فەرهەنگە بەناوبانگەی، ئەوان وەکوو "گوران زازا" پێناسە دەکات.بەواتا "زازا" کە لە کوردستان "تورکیا" ئەژین و ئەوانی وەک "هەورامانی" لە قەڵەم داوە.

دانیشتوانی هەورامان بە گۆران ناوبراون. ئەمەش بەهۆی ڕووداوێکی گەورەی مێژوویی وەک سەرهەڵدانی هزری یارسانی لەو ناوچەدا بووە. هەر بەم بۆنەوە زۆربەی لێکۆڵەران وشەی "گۆران" و "یارسان" بە یەک مانا بە کار دەهێنن. بەڵام ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە گۆرانی وا هەیە کە یارسانی، واتە خاوەن هزری یاری نییە.

توێژەران و کوردناسەکان ئەم هۆزە، واتە "گۆران"ەکانیان بە یەکێک لە دانیشتووانی ڕەسنی مادی کۆن لە قەڵەمداوە، کە خاوەنی زمانێکی تایبەتن و جیاوازییان هەیە لە گەڵ کوردە کۆچەرە شەرکەرەکان. چونکە گۆرانەکان دانیشتووی ئاواییەکانن و ژیانێکی کشتوکاڵی سەر. هەروەها گۆرانەکان ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر "بەهرامی گوور" پاشای ساسانی.

بەڵام تاقمێکی تر لە توێژەران، وەک "ن. مار" لە سەر ئەو باوەڕەن کە وشەی "گۆر" شێوەیەکی گۆڕاوی وشەی "کورد"ە، "ڕیچ" یش کە یەکیک لە ڕەگەزناسەکانی ئەورووپییە لە بواری سیمای سرووشتییەوە، کوردەکان بە دوو دەستە دابەشدەکات:

یەکەم: ڕەشماڵ نشین و شوان پیشە، کە شەڕکەرن و ناوی "ئاسیوتا"ی لێ ناون. دووهەم: ئاوایی نشینە کشتوکاڵ پیشەکان، کە پێیان دەگوترێ گۆران .

مینۆرسکی سەبارەت بە گۆرانەکان دەنووسێ: ناوی گۆران دەگەڕێتەوە بۆ وشەی دێرینی "گاوبارە" کە لە سەرەتادا لە ناوچەکانی باکووری ئێران، نزیک زەریای کاسپییەن نیشتەجێ بوون، یان لەو شوێنەی کە بنەماڵەکانی گاوبارە و دەیلەمی و تەبەری، لە سەدەکانی حەوتەمی زایینیدا فەرمانڕەواییان دەکرد...

بەگشتی دەتوانین مێژوویەکی دوو هەزار ساڵە بۆ گۆرانەکان ڕەچاو بکەین. سەرەرای ئەمانە، لەسەر یەکێک لە "مۆر"ەکانی سەردەمی ساسانیەکان وشەی گۆران نووسراوە .

مارتین وان برونسین دەڵێ: لە یەکێک لە شیعرە ئایینیەکانی ئەهلی حەقدا کە من لە داڵاهوو تۆمارم کردووە، وشەی گۆران و کورد بە دوو مانای جیاواز هاتوون، پیرە پیاوێک کە شیعرەکەی بۆ دەگوتمەوە "بۆ خۆی گۆران بوو" وشەکانی کورد و گۆرانی ئاوا بۆ لێکدامەوە: کورد لە ڕەشماڵدا ژیان بە سەردەبا و کۆچەرە، گۆران ئاوایی نشینە و نیشتەجێیە. بەڵام ئەو پیرە پیاوە، هیچ باسێکی لە جیاوازی ڕەگەز نەکرد و هەر ئەو لە شوێنەکانی تردا وشەی کوردی بە مانایەکی بەرفراوانی زمانی و نەتەوەیی بەکاردەهێنا و گۆرانەکانی بە کورد دەزانی .

گۆرانەکان لە ناوچە ناوەندییەکانی کوردستان، لە باشووری سلێمانییەوە تا باشووری سنە و بەرزاییەکانی داڵاهوو "شاهۆ"، تا سەرپولی زەهاو و باکووری خانەقین و هەروەها تەوێڵە و بیارەدا، نیشتەجێن.

ئەڵبەت پێشتر، ناوچەکانی نیشتەجێبوونی گۆرانەکان، وەک کۆنترین خەڵکانی دانیشتووی زاگرۆس، زۆر بەرفراوانتر لە قەبارەی ئەم سەردەمە بووە و لەوەدەچێ کرماشان و سنەش شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوان بووبێت، بەڵام بەهۆی کۆچیان بەرەو ناوچەکانی دیاربەکر و دەرسیم و موسڵ و کەرکوک و هەندێ ناوچەی تر، ڕێژەیان کەمتر بۆتەوە و لەم سەردەمەدا تەنیا لە ناوەندی هەوراماندا ماون.

نابێ لە بیربکرێ کە ناوچەی هەورامان بۆ پەیڕەوانی ئایینی ئەهلی حەق، سەرچاوەی هەموو پێشهاتە ئاسمانییەکانە و هەموو دیاردە ئاینییەکان لەم ناوچەیەدا دەردەکەوێ. ئەگەر لە شوێنێکی تریش ڕووبدات، بێگۆمان نیشانە و هێمایەک لەو دیاردە یان ڕووداوە لە هەورامان دەبینرێت.

بە پێی ئەم بۆچوونە ئایینییە، هەورامان ناوەندی پیرۆزی "یاری"یە و گرینگترین "دەورەکان"ی ئایینی لەم ناوچەیە ڕوویداوە و تێپەڕ بووە، هەر ئەمەش بوَتە هۆی ئەوە کە پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە ناوچەی هەورامان بۆ زیارەتی هیچ شوێنێکی پیرۆز لە هەورامان دوور نەکەونەوە، چونکە هەموو شوێنە پیرۆزەکانی دنیا، بەرانبەر هیماکانیان لە هەورامان هەیە .

[color=blue]بە واتەیەکی تر، هەورامان "پردیوەر" قیبلەی ئەهلی یارییە. ئەڵبەت پێویستە بگوترێ لە هزری یاری دا بە هۆی باوەڕ بە "دوونادوون" و "یەکگرتنەوە" و ڕێزی "جەم"، "دڵ" و "کۆمەڵ"یش بە قیبلە دادەنرێن و باوەڕی بە شوێنی تایبەت نییە و ڕێز لە گشت شوێنەکان دەگرێ. هەر بەم بۆنەوە کاتێک ناوی ڕۆژهەڵات دێنێت و کاتێکی تر، ڕوودەکاتە ڕۆژئاوا. مەولانا دەفەرمێت:

گواف کعبە دل کن، اگر دلی داری
دلست مقصود، تو سنگ و گل چەپنداری
کمر بە خدمت دلها ببند چاکروار
کە بـــــــر گشاید در تو گریق اسراری

ئەم بۆچوونە لە هزری "یاری"دا لەلایەن "شێخ ئەمیر"ەوە بە جوانی لێکدراوەتەوە:

کاوەی من خاسەن، نە سەنگ نە بەردەن
سەفای جەم یار، شەفای کوڵ دەردەن
کاوەی من خاسن، با مـــۆزد و میزان
کاوەی من خاسن، وە جەوزەیٚ ڕەزان

نوستالژی لە وینینی "روانگەی" یارسانیش هەر هەمان راڤەی لیدەکەویتەوە کە "میرچائیلیادە" دەڵیت:

"هەستێکی پوشراوی رازوەرانە لەگەڵ خاک هەیە و ئەم شتە تەنیا خۆشەویستییەکی ئاسایی بەنیسبەت ولات و پارێزگا و ستایشی دیمەنی ناسراو بەرزراگرتنی ئاباو ئەجدا کە لە جیلگەلی پیشوودا لە دەوروبەری کلیسای دیهات نیژراون نییە. شتێکی تر هەیە ئەزموونی ناوچەگرایی"auro chtong"، هەتی قوولی هاتنەدەر لە زەوی و لەدایکبوونیکی تایبەت بە هەمان شێوە کە زەوی بە توانای تەواوی نەبووی سەوزکردن و پەروەردە کردن،
ژیان بە داروبەرد و روخانە و گل و گیا دەبەخشیت. بویە ئەبێ بەم شێوە ناوچەگەرایی دەرک بکریت. مرۆڤ هەست دەکە کات کە ئینسانەکان وابەستەبوونیان بە جیگایەکەوە هەیە و ئەم هەستی پیوەندی روحییە، قوولتر لە پیوەندی بنەمالەیی و نیژادی و... ئارەزووی گەرانەوە و نیژران لە وڵاتی خو لە کاتی مردن و ئەسپەردە کردن لە خاکی دایک... ئیستا دەتوانین مانای خاکی نیشتمان دەرک کەین و هەستی ترسان لە ئەسپەردە کران لە خاکی بێگانە دەرک بکەین. ئەمە بە مانای هەستی خوشی وەسڵ بوونی دووبارەیە بە خاکی دایک.
وشەی هەورامان بەشێوازی جۆراوجۆر لێکدراوەتەوە:

١- "هۆر": لە زمانی مادیی و کوردیدا بە مانای "هەتاو" هاتووە و "مان" بە مانای شوێن و جێگا، کەبە گشتی دەبێتە شوێنی هەتاو.
٢- "هورا": بە مانای "ئەهوورا" و "مان" بە مانای شوێن و جێگا، یانی "شوێنی ئەهوورا مەزدا".
٣- "هور- ئامان": واتە: هەتاو هات.
٤- "هەوەر- ئامان": واتە: خەبەر گەیشت، مزگانی هات.
٥- "هەواری- ئامان": واتە: شوێنی گیانپەنا.
٦- هەندێ کەسیش لە سەر ئەو باوڕەن کە وشەی هەورامان لە وشەی "تورامەن"ەوە هاتووە کە ناوی یەکێک لە مەقامە کۆنەکانی موسیقای کوردی بووە لە دەورانی پێش لە ئیسلامدا.

جێگای خویەتی بە سەرنجدان بە سەرهەڵدانی ئەم وینینە لە هەورامان و چالاکییەکان لەم ناوچەدا ئەم پرسیارەش جواب بدریتەوە کە بوَچی ئیستا نیشانەگەلیک لە ئایینی یارسانی نابینریت؟ و هەورامان بەو هەموو ئاسەوارەمیژووئییە لەباری سەمبولگەلی "یارسانی" هەژار دێتە بەرچاو؟
هەروەها کە پێشتر گوترا ناوچەی چالاکی ئایینی گەورە پیاوان و سەروکایەتی یارسانی لە باکووری "خووزستان" تا "تورکستان" و "رووسیا" بووە کە ئاسەواری میژوویی و نیشانەگەلی دیموگرافیک سەلمینەری ئیدیعاگەلی ئەمە سەبارەت بەم بوچوونەیە.
هەبوونی "شاخوشین لورستانی" لە لورستان با راکیشانی "خورەمییە"... و ئیمامزادە گەلیک کە لە عیراقەوە بەرەو ئەم ناوچە کوچیان کردووە هەروەها ئیمامزادە "بابا بوزورگ"، "محەمەد"، "ئەحمەد"... کە زمانی نووسین و ئاخافتنیان هەورامی بووە یان هەبوونی "بابا سەرهەنگ" و "بابا جەلیل دودانی" لە باینگان و دیکەی گەورە پیاوانی ئایینی هەورامان یان "نوسەدی نوسەدە" و هەروەها "نەودونو پیری هەورامان" کە لە کەلامی "یارسانی ناویان لیبراوە هەموو شایەتی ئەوە دەدەن کە کەمتر کەسایەتییەک لە هەورامان پەیدا ئەبێ کە یارسانی نەبووبی.
هەروەها بەهوی دژواری ریگا برین، کەمتر هیرش کراوەتە سەری، هەروەها بە پیی بەڵگەنامەکان دەتوانین بڵیین کە هەورامان، تەنانەت بەرفراوانتریش بووە لەحاڵیکدا ئیستا نە تەنیا ناتوانین هیچ نیشانەیەک لە یارسانی لە هەورامان ببینین بەڵکوو لە ناوچەگەلی ئاماژە پێکراویش ئەم دیالیکتە لەناوچووە




سەرچاوە : ماڵپەری جودی نیوز / رێکەوتی : ٢٦ی مارسی ٢٠١٣

# پێداگری لەسەر مافی چارەی خۆ نووسین، توند ئاژۆییە یان پاراستنی یەکپارچەیی ئێران؟



نیشتمان فیشال

مەبەستی ئێرانییەکان لە توندئاژۆیی نەتەوەیی، هەبوونی هزر و بیری جیایی خوازییە. هزرێک کە بە بۆچونی ئێرانیەکان دەبێتە هۆی زیادبونی گێرەوکێشەو ئاڵۆزیی هۆزی و تاییفی.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی جیاییخوازی نیشانە و هێمای توندئاژۆییە؟

ئایا هەڵگرانی بیری جیایی خوازی بە بۆچونی ئێرانیەکان و( سەربەخۆیی خوازیی) بە بۆچونی باوەڕمەندانی دروشمی سەربەخۆیی سیاسی لە نێو چالاکانی کورددا، بە توندئاژۆیی دێتە هەژمار؟

ئایا سەربەخۆییخوازی ڕوانینێکی سیاسی نییەو لە چوارچێوەی هزر و بڵاڤۆکی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا ناگونجێت؟ ئایا لە دونیای مۆدێڕنی سیاسیدا هێنانە بەرباسی دروشمی (سەربەخۆیی سیاسی) بۆ نەتەوەیەک، بە واتای توند ئاژۆییە؟

(سەربەخۆیی خوازی) وەک تێڕوانینێکی سیاسی چاوی لێ دەکرێ و تەنانەت داواکردنەکەشی وەک داواکردنێکی ماف ویستانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت.

هەروەک چۆن لە کانادا ئەو هزروبۆچونە ناوچەی"کبک"ی کێشایە پای ڕێفراندۆمێکی سیاسی بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی.

هەر ئەو ڕوانین و بۆچونەش سەربەخۆیی بەخشیە کۆسۆڤۆ و دواتریش سودانی باشور.

سەرجەم ئەو پرۆسانەش لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنەکانی دادگای نێونەتەوەیی لاهە لە چوارچێوەی مافەکانی نێونەتەوەییدا بە ئەنجام گەییشتوون.

لە هەمان کاتدا و بۆ هەمو لایەک ڕون و ئاشکرایە کە هزری سیاسی سەربەخۆیی خوازی هەڵگری بێ ڕێزی و بەکەم زانین و ئیهانە کردن بە هیچ نەتەوە و تاقم و لایەنێک نیە.

بەڵکو بەشێک لە ڕێبەرانی نەتەوەیەک بۆ ڕزگار بوونی نەتەوەکەی خۆیان لە ژێر نیرو تەوقی داگیرکاری (چ ناوخۆیی و چ دەرەکی)، ستراتیژی سەربەخۆیی سیاسیی هەڵدەبژێرن و کاری بۆ دەکەن.

بیرۆکەی سەربەخۆییخوازی ئەزمونێکی قورس و گرانی لە چەند دەیەی ئەم دواییەدا بە دەست هێناوە.

سەربەخۆیی نەتەوە ژێردەستەکانی ژێر دەسەڵاتی داگیرکاریی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، سەربەخۆیی نەتەوەکان لە یوگۆسلاوی پێشوو و...، هەمویان ئەوە دەسەلمێنن کە نەتەوەکان (کۆمەڵگا مرۆڤیەکان کە خاوەنی زمان، خاک، مێژوو، کەلتوور و لە هەموانیش گرینگتر خاوەنی هەست و تایبەتمەندی نەتەوەیی هاوبەش بن، نەتەوە هەژمار دەکرێن) بەپێی یاساکانی نێونەتەوەیی و مافی دیاری کردنی چارەی خۆ نووسین و خۆ بەڕێوە بردن، مافی خۆیانە و دەتوانن خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیان بدەن.

هیچ بەڵگە و پشت پێ بەستنێکی بناخەدار و بنەمایی لەبەر دەست دانیە کە کەمینەیەک یان لایەنێک ناچار بە ژیان کردن لەگەڵ تاقم و لایەنێکی دیکەدا بکات.

کەوابو دەتوانین بڵێیین کە ئەگەر کەمینەکان یان ئەو تاقم و لایەنانەی کە مەرجەکانی نەتەوە بونیان هەیە، بیان هەوێت «مافی دیاری کردنی چارەی خۆ نووسین»ی خۆیان لە ڕێگەی پێکەوە نانی دەوڵەت-نەتەوەیەکی سەربەخۆوە خوازیار بن, سەرەڕای گشت ئەو مەترسیانەی کە جوڵانەوە «نەتەوەییەکان» لە پێشیاندایە، پێودانک و بنەماکانی مافەکانی نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ، ئەو جوڵانەوە سەربەخۆییخوازیانە بە نا یاسایی نازانن.

ناکرێ کوردەکان، تورکەکان،عەرەبەکان، بەلوچەکان، تورکەمەنەکان و... تەنها بە بیانووی " پاراستنی یەکپارچەیی ئێران" کە بە برا گەورەیی یەک نەتەوە(فارس) و لە ژێر کاریگەی ملهوڕی ئاییینیدا بەڕێوە دەچیت، ڕازی بکرێن.

دەبێ چەندین و چەندین جارئەو ڕاستیە تاڵە دوبارە و چەند بارە بکەینەوە کە پاراستنی "یەکپارچەیی خاکیی ئێران"، دروشمی کۆمەڵگای سیاسیی یان نوێنەرە سیاسیەکانی نەتەوەی فارسی ئێرانە.

ئەو دروشمە لەو بوارەوە بۆ ئەو لایەنە گرینگی هەیە کە دەسەڵاتداریەتی فارس لەوە بەدواش بەردەوام بێت.

بەڵام ئەو دروشمە بۆ نەتەوە نا فارسەکان سەرنج ڕاکێش نییە، چونکە بەرژەوەندیەکانی ئەوان بە هیچ جۆرێک دابین ناکات.

هەر کەس یان هەرلایەنێکی نافارس پشتیوانی لە دروشمی "یەکپارچەیی خاکی ئێران" بە برا گەورەیی فارسەکان بکات، یان هیچ نەزان و هەڵخڵەتاوە یان بەرژەوەندیی هەیە لەوەدا.

ئەگەر وانەبێ مرۆڤێکی سیاسی سەر بە نەتەوە نا فارسەکان دەبێ مێشکی تێکچووبێ کە ڕازی بێت بەدەسەڵاتداریەتی نەتەوەیەکی دیکە(فارس) چونکە ئەوە بە واتای کۆیلە بوونی نەتەوەکەی خۆیەتی.

ئەوەی کەلە ڕوانگەی مافخوازیانەوە بۆ جوڵانەوە سیاسیەکانی نەتەوە نافارسەکان گرینگە و جوڵانەوەی میللی دێموکراتیکی نەتەوەی کوردیش پێداگری لەسەر دەکات مافی دیاری کردنی چارەی خۆ

نووسینە، یان لانیکەم بەڕێوە بردنی ناوچەی خۆیانە.

هەر هێزێکی سیاسی سەر بە نەتەوە نافارسەکان کە لەو بنەمایە لابدات، لە ڕاستیدا نیرو تەوقی داگیرکاری نەتەوەیەکی دیکە دەکاتە ملی نەتەوەکەی خۆی.

ئەمڕۆکە، لەو جێگایەوە کە تیپۆلۆژی ئیتنیکی دەسەڵاتداریی لە "ئێران"دا لەسەر دەستی نەتەوەی فارس بەڕێوە دەچێت و بە داخەوە سەرجەم هێزە سیاسیەکانی سەر بە نەتەوەی فارسیش(سەرجەم پارت و ڕێکخراو و کەسایەتیە سیاسیەکان کە خۆیان پێ سەراسەری خوازە)، مەبەستیان بەردەوام بوونی دەسەڵاتداریەتی و برا گەورە بوونی فارسە لە "ئێران"دا هەر چەند کە بە ئاشکرا ئەوە نەڵێن.

پێداگری لەسەر دروشمی "پاراستنی یەکپارچەیی خاکیی لە ئێراندا"، واتایەکی دیکەی جگە لە پاراستن و بەردەوام بوونی (دەسەڵاتدارێتی فارس)، دوای نەمانی کۆماری ئیسلامی نییە.

ئەو دروشمە بە هیچ جۆرێک بەرژەوەندیەکانی نەتەوە نافارسەکان کە هەشتا و چەند ساڵێکە خۆیان لە کۆیلایەتی نەتەوەی فارسدا دەبینن، دابین ناکات. ئەو دروشمە تەنها هۆگری توند ئاژۆییانەی(لە بواری ڕەگەزپەرستی و داگیرکاری)کۆمەڵگای سیاسیی فارس دابین دەکات.

بەڵام بە هۆی جێ کەوتنی بانتری و سەرتری سیاسیی و زاڵیەتی و باڵا دەستی دەسەڵاتداریەتی فارس بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ناو "ئێرانی ئەمڕۆ"، حیزب و کەسایەتیە سیاسیەکانی فارسی ئێران هەل و دەرفەتی دادپەروەرانەو دادگەرانە بیرکردنەوە و ڕاستیوازیان لە دەست داوە.

بە حوکمی پێش بینیە گریمانەییە خەیاڵییەکانی دەسەڵاتخواز و دەسەڵات بە دەستە بێ ناو و نیشانەکان، مرۆڤی نەتەوە نافارسەکانیان لە پەرژین و دیوارێکدا بە ناوی سەرزمین و وڵات یەخسیرو زیندانی کردووە لە ژێر ناوی پاراستنی یەکپارچەیی جوغرافیای سیاسی وڵاتدا، بە ناشیرینترین و نەشیاوترین شێوە دەیانکوژن و دەیانکەن بە کۆیلە و سەرەڕای هەموو شتێکیش سەروەت و داراییە نەتەوەییەکانیشیان بۆ بەدیهاتنی حەزو ئارەزۆ گڵاوەکانی خۆیان بە تاڵان دەبەن.

دوور نییە ئەگەر هەڵسوڕان و سوڕانەوەی سیاسەت بەو جۆرە بشتە پێش، ئەو هۆگری و هۆگرایەتی سیاسیە لە "ئێران"دا هەر هەمان دەورو ڕۆڵە بگێرێ کە ڕەگەزپەرستی شۆڤینیزمی سێرب لە یوگوسلاوی پێشوودا، گێڕای.

بە واتایەکی دیکە ئەگەر ئاڵوگۆڕی لە ڕوانگەی جوڵانەوەی سیاسیی فارس لە "ئێران"دا نەیەتە ئاراوە، و لە سۆنگەشەوە کە لۆسەی هێزی دەوڵەتیش لە دەست ئەو هێزە سیاسیە دایە، لە ڕاستیدا لە وانەیە کارەسات و گرگاشەی یوگۆسلاوی پێشوو لە "ئێران"دا دوبارە بێتەوە.

لە کۆتاییدا بەو کەس و لایەنانەی کە بە بەڵگەی سیاسیەوە دێنە مەیدان و دەڵێن کە (دەوڵەتی ئێران دەوڵەتێکی ئیتنیکی فارس نییە) دەڵێم کە ئەو بۆچوونە، ئەو بیرۆکەیە، ئەو پڕوپاگەندە و ئەو فریوکارییە ئیدی ئاشکرا بووەو باوی نەماوە وهەر تاکێکی نەتەوە نافارسەکان بە تایبەتی ڕێبەرە نەتەوەییەکانیان زۆر باش لە ناڕاست بوون و فریوکاریانە بوونی ئەو بە ناو بۆچونە تێگەییشتوون ، بۆیە ئەگەر دەتانهەوێ چەواشە کاری و هەڵخڵەتاندن بکەن وا باشترە بەدوای ڕێگا چارەیەکی دیکەدا بگەڕێن چونکە هەروەک باسم کرد ئەوە ماوەی بە کار هێنانی بەسەر چووە.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستانی گەورە / ڕێکەوتی : ٢٦ی ئاگوست [ ئاب ]ی ٢٠١٣

===========================================================================

# ژنان بەشداری بزووتنەوەی ژنان بن یان بزووتنەوی نەتەوایەتی؟

شەونم هەمزەیی



لە ساڵانی رابردوو وڵام دانەوە بەم پرسیارە بوەتە جێ مشتومڕو ناکوکی نێوان چالاکانی ژنان و پیاوانی ناسیونالیستی کورد، بەشیکی زۆر لە پیاوانی ناسیونالیستی کورد و رەنگە بەشیکیش لە ژنانی چالاک لە بواری ژنان و نەتەوایەتی پێیان وایە گەلی کورد چۆن هێشتا قۆناغی رزگاری نەتەوەیی تێپەر نەکردوە، دەبێ هەموو هێزی وتوانای کۆمەڵگە تەرخان بکرێت بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتیی و دەستەبەر کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس، و هەرکات کورد بەمافە نەتەوایەتییە کانی گەیشت ئەوکات ژنانیش دەتوانن بە دوای مافەکانی خۆیاندا بچن، ەاوکات بەشیکی زۆر لە ژنانی چالاک و بەشدار لە بزووتنەوەی ژنان بە فاکت هێنانەوە لە هێندیک هەڵسووکەوت و قسەی رێبەرانی کورد کە تێدا سوکایەتی کردن بە ژن دیارە لەو باوەڕەدان کە بزوتنەوەی ژنان بزوتنەوەیەکی جەماوەری کۆمەڵایەتییە کە دەبێ لەگەڵ رەوتی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا دا بەرەو پێش بچێت و مافەکانی ژنان تەنیا بە لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر نەتەوەی کورد دەستە بەر نابێت و ئەو قسەی پیاوانی ناسیوناڵیست بە بەڵێنی سەر خەرمان دەزانن. بۆ ئەوەی کە بتوانین قەزاوەتیکی درووست مان ەەبێت لە هەمبەر ئەم بابەتە، سەرەتا دەبێ پێناسەیەکمان لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و پێشمەرجەکانی لە بەردەست دا بێت.

## بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان:

لە زانستی کۆمەڵناسیدا هەرچەشنە تێکوشانی داوبەش بۆ گەیشتن بە ئامانجی داوبەش لەدەرەوەی پێکهاتەی دەسەڵات بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ناو دەگرێت. گەورەیی وچوکەیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی پێوەری ئەندامەکانیان بەراوەرد دەکرێت، بزووتنەوە چوکەکان ئەندامەکانیان رەنگە کەمتر لە سەد کەس بن لە حاڵێکدا کە هێندێک لە بزووتنەوەکان رەنگە ئەندامەکانی لە میلیون کەسیش تێپەڕێت. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە باری ئامانج و پێکهاتەدا بە سەر چەند بەش دابەش دەکرێن کە لەوانە دا دەتوانین بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە رفۆرمیستییەکان ، بزووتنەوە بونیات رۆخینەکان (بزووتنەوە ئینقلابییەکان) و بزووتنەوە رزگاری خوازەکان ئاماژە بکەین.

بزووتنەوە بونیات روخێنەرەکان هەروەک لە ناوەکەیان دیارە ئامانجیان گۆڕانی یەکجاری پێکهاتەی سیاسی یان کلتوری و کۆمەڵایەتیە ، ئەم گۆڕانە لەناکاو و یەکجاریە بەچەشنێک کە گەیشتن بە ئامانج بەکارهێنانی توندوتیژیش پاساو دەدات ئەم بزووتنەوانە بە شۆرش کۆتای پێدێت و پێکهاتەی کۆمەڵگا دەگۆڕێت.

بزووتنەوە رفۆرمیستییەکان زۆرتر بە دوای پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی نەرم لە کۆمەڵگادان، ئەم چەشنە بزووتنەوە گەلە جەخت لە سەر لابردنی نا بەرابەری و هەڵاواردن لەکۆمەڵگا دەکەن و بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئامانجە بەرنامەو پرۆژەی درێژخاین دادەرێژن.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی، بەو دەستە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەوترێت کە ئامانجیان لا بردنی ستەمی نەتەوایەتی و دابین کردنی مافی دیاری کردنی چارە نووس بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەستە، بزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیی دەتوانێت بە شێوازیکی جەماوەری و مەدەنی روو بدات یان رەنگ و بۆنی چەکدارانە بە خۆ بگرێت وە یان تێکەڵاوێک لە هەر دووکیان بێت.

بە ئاوڕ دانەوەیەک لە کۆمەڵگەی کوردستان بۆمان دەردەکەوێت کە بە پێ رەوتی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا لە یەک دوو سەدەی رابردوودا و سەرهەڵدانی پرۆسەی نەتەوە- دەوڵەت، بە داخەوە کوردستان بوو بە قوربانی سیاسەتەکانی وڵاتانی زل هێز و لە سەرەتایی ترین مافی خۆی کە پێک هێنانی نەتەوە - دەوڵەتە بێبەش کراو و وڵاتەکەی لە نێوان چەن نەتەوە - دەوڵەتی ساختە دابەش کرا، هەر بەم هۆیەوە بزووتنەوەیەک لە کوردستان سەری هەڵدا کە ئامانجی دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردە، ئەم بزووتنەوە هەرچەند بزووتنەوەیەکی سەراسەری نیە و بە پێی دابەش بوونی خاکی کوردستان بزووتنەوەکەش دابەش کراوە، بەڵام لە هەر باردۆخێک دا ئەم بزووتنەوانە کاریگەریان لە سەر یەک دەبوو و بە خۆشیەوە رۆحیکی نەتەوەیی لە نێوان کوردان درووست بووە بە چەشنێک کە تاکیکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دڵخۆشە بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەو بە پێچەوانە.ئەوی کە لێرە دا جێ ئاماژەیە ئەوەیە کە بزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیی پشت ئەستورە بە بریارە نێونەتەوەییە کان، لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان مافی نەتەوەکان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، خودموختاری و مافی دیاری کردنی چارە نووس لە بەرچاو گیراوە و لە بەندی ٢ی مادەی ١ی جارنامەی جیهانی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها مادەی 1 میساقی نێونەتەوەی مافەکانی مەدەنیی و سیاسی، جەختی لە سەر کراوە.

بەم پێە بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەست بنەمایی ترین ماف مافی دیاری کردنی چارەنووسە و بۆ دابین کردنی ئەم مافە رەوایە پێویستە کە رێکخستنیکی کشتگیر هەبێت کە هەمووی تاکەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە هەر بەم هۆیە زۆربەی پارتە سیاسیەکانی کوردستانیش بۆ بەشدار کردنی ژنان لە خەباتی نەتەوایەتی رێکخراوەیکیان تەرخان کردوە بۆ رێکخستنی ژنان، لەم سۆنگەوە ئەگەر بڕوانینە ئەم بابەتە دەتوانین بڵێن کە لە راستیدا بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەست، بزووتنەوەی دایک ، بزووتنەوەی رزگاری خوازیە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە لە راستیدا دەتوانن وەکوو باڵێکی بەهێز لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی رۆڵ بگێرن کە لەوانە دەتوانیی ئاماژە بە بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی خوێندکاری بکەین، هاوکات ئەگەر ئاوڕیک لە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بدەینەوە دەبینین کە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان دەچێتە خانەی بزووتنەوە رفۆرمیستیەکانەوە و زۆرتر جەختی لە سەر لابردنی هەڵاواردن و نابەرابەریە، لە واقیعدا فمنیزمی چەپی رادیکاڵە کە بزووتنەوەیەکی بۆنیات رۆخێنەوە ئامانجی شۆرشگێرانەی هەیە و دەیەوێ پێکهاتەی کۆمەڵگا لەگەڵ هەموو نۆرم و نەریتەکانی بگۆرێت هێشتا هیچ رەنگدانەوەیەکی لە نێوان ژنانی کوردستان نەبووە، هەڵبەت لێرە دا مەبەست کاری گرووپیی و رێکخراوەییە دەنا رەنگە لە کوردستانیشدا تاک مان هەبێت کە باوەڕی بە فمنیزمی چەپی رادیکاڵ هەبێت.بەم پێە داخوازیەکانی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان تا جێگەی کە بۆ ماف بگەرێتەوە دەتوانێت لە ئەگەری بە ئاکام گەیشتنی خەباتی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی یاساو رێسایەکی دێموکراتیک دابین بکرێت لەم نێوانەدا ئەوشتەی کە دەبێ لە بەرچاوی بگرین ئەوەیە کە کێشەی ژنان لە کوردستان تەنیا و تەنیا بە پشت بەستن بە یاسا چارە سەر نابێت، کولتووری پیاوسالار کە هەزاران ساڵە باڵی بە سەر کۆمەڵگەی کوردی کێشاوە و بووتە نەریت و کولتوور شتێک نیە کە تەنیا یاسای شیاو بتوانێت بنبڕی بکات. هەرچەند پەسەند کردنی یاسای شیاو کاریگەری هەیە بەڵام بەتەنیانی ناتوانێت هەموو مافەکانی ژنان گەرنتی بکات،کەواتە دەتوانین بڵێن ژنان لە رێکخستنی کۆمەڵگادا دەتوانن باڵی بە هێزی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد بن و دڵنیاش بن لە داهاتوودا و پاش دابین کردنی مافی چارەنووس داواکارییەکانیان دەستە بەر بێت بە مەرجیک:

١- رێکخراوەکانی ژنان ئەوەندە بەهێز و یەکگرتوو بن کە هەر لە ئێستاوە بەرنامەو پرۆژەی یاساییان بۆی هەبێت و لەم پەیوەندیەشدا لە گەڵ پارتە سیاسیەکانی کوردستان رێکەوتنامەی ئیستراتژیک واژۆ بکەن و هەوڵ بدەن پارتە سیاسیەکانی کوردستان داخوازیەکانیان لە بەرنامەو پێرەوی خۆیان بگونجێنن.

٢- هاوکات لە گەڵ خەباتی نەتەوەیی کار بکەن بۆ ئەوەی کە ئاستی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگا بچێتە سەرەوە،تا ئەو جێگەیەک کە داب و نەریتی پیاو سالار لە کۆمەڵگەی کوردستان بسرێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٨ی ئاوریلی ٢٠١٣

# سێکۆلاریزم

## بەشی یەکەم

**له ویکیپیدیاوە، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد**

ئەم وتارە لەوەیە زۆر درێژبێت بۆ خوێندنەوە و لێگەڕان بە شێوەیەکی ئاسان. تکایە دابەشکردنی ناوەڕۆکەکەیتان بۆ لکە-وتار لەبەرچاوبێت وئەم وتارەیش وەکو کورتەی خاڵە سەرەکییەکانی بابەتەکە ڕێک بخەن.

## نووسراوەکانی ئاستین کلارین

سێکولاریزم یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی دونیای ڕۆژئاوایە . ئاسەوار و توانایی هەمەلایەنەی سێکولاریزم نەتەنیا جیاوازیی ڕۆژئاوای ئەوڕۆی لە ڕۆژئاوای سەدەی ناوەڕاست خستۆتە بەرچاو، بەڵکوو ئەوی لە بواری جیاوازی فەرهەنگییشەوە لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی جیهان دەخاتە بەرچاو. ڕۆژئاوای ئەوڕۆ بە گشتی بە هۆی ڕووداوی ڕەوتی سێکولاریزم بۆتە ئەو ڕۆژئاوایە کە ئێستا هەیە، بە باوەڕی هێندێکان ئەو هەلومەرجە بەڵگەیەکە بۆ ڕێزگرتن لە سێکولاریزم و بۆ هێندێکشیان بەڵگەیە بۆ دژایەتی کردنی . بەڵام سێکولاریزم چییە و لە کوێوە هاتووە؟ بۆچی ڕوانینی سێکولار لە دونیای ڕۆژئاوادا بۆتە شانازی نە لە جێگاکانی دیکەی دونیایەدا؟ بەشکوم فام و تێگەییشتنێکی ڕوونتر لە سێکولاریزم یارمەتیدەر بێ تا نەخش و ئاسەواری ئەو لەسەر کۆمەڵگای ئەوڕۆیی باشتر هەست پێبکەین. بێ بوونی فامێکی درووست لە سێکولاریزم نە دەکرێ پاریزگاری لێبکرێ و نە دژایەتیشی بکرێ.......

## مانای سێکولاریزم

وێنەی جۆرج یاکووب هالی ئووک

(دۆزینەوەی ڕیشەی سێکولاریزم لە بەرهەمەکانی جۆرج یاکووب هالی ئووک دا) وێڕای گرینگیی سێکولاریزم، هاوفکرییەکی ئەوتۆ لە سەر مانای ئەو چەمکە نییە. بەشێک لەو مەسەلەیە بەو هۆیەوە کە تێگەیشتن لە "سێکولاریزم" دەکرێ بە مانای جۆراوجۆر بەکار بێت. لەگەڵ ئەوەش کە ئەو مانایانە لێکتر نیزیک بن، بەڵام جیاوازییەکانیان ئەوەندە هەن کە لە مەبەستی تێگەییشتن لە سێکولاریزم دژوار بکا. وشەی سێکولاریزم لە زمانی لاتین دا بە واتای "ئەوڕۆیی"و "سەر بەو جیهانە" یە هاتووە و دژ بە " سەربە دینی "و "ڕووحانی" ئەوڕۆکە کاتێکی لە سێکولاریزم وەک یەک شێوەپەروەردە و ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی باسدەکرێ ، ئەغڵەب مەبەست لە بیر و بۆچوون و فەلسەفەیەکە کە ئەخلاقی ئینسانی بە بێ تێوەگلانی دین دادەڕێژێ و بە دوای پەرەپێدان و گەشەکردنی زانست و کەرەسەی زانستی بۆ مرۆڤایەتی یە. وشەی سێکولاریزم بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٤٦ زایینی جۆرج یاکووب هالی ئووک ی ئینگلیسی بۆ ناساندنی بیرێکی نوێ کە تەنیا بە ئاستەنگ و پرسیارگەلێکەوە خەریک دەبێ کە بە پێواری ئەزموونی ژیانی ئەو دونیایە دەکرێ تاقی بکرێنەوە، کەلکی لێوەرگرت. هالی ئووکئاشتیخوازێکی سوسیالیست بوو کە لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دەوڵەت دەبێ لە حەولی دابینکردنی پێداویستی یەکانی ئێستا و پێویستی چینی کرێکار و لێقەوماوان دا بێ، نە پێویستی یەکانی ژیانی دوای مردن و ڕووحی خەڵکی. هەر وەک لە باسەکەی سەرەوە ئاماژەی پێکرا، دەکارکردنی سەرەتایی وشەی سێکولاریزم دژایەتی لەگەڵ دینی پێوەدار نەبووە، بەڵکوو ئاماژەی ئەو بەو بیرە بوو کە دەوڵەت دەبێ تەنێ دەفکری ژیانی ئەوڕۆیی خەڵکدا بێ نە دڵەڕاوکەی ژیانی دوای مردن ئەو خەڵکە. بێشک ئەو باوەڕە لەگەڵ زۆربەی سیستمە باوەڕییەکان، لەوان مەسیحییەتی سەردەمی هالی ئووک نەدەگونجا، بەڵام بەو مانایەش نەبوو کە نکوڵی لە سیستیمە دینەیەکان ناکا. دواتر هالی ئووک مانای ڕاشکاوانەتری بۆئەو وشە ڕسکاندووەی خۆی هێنایە گۆڕێ. سێکولاریزم بە دوای پەرەسەندنی فیزیکی، ئەخلاقی و فکری سروشتی مرۆڤە تا بەرزترین ڕادەیەک کە دەلوێ. ئەو پەرەسەندنە مەبەستی سەرەکی ژیانێکە کە هەموو بوارەکانی گەشە و گەشانەوەی ئەخلاق و سروشتی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە بێجگە لە بێ خودایی. تئیسم ( باوەڕ بە خودا ) بوون لە ئینجیل دا بۆ گەشە کردن و سەرکەوتوویی مرۆڤ ڕێبازگەل و کردەوەگەلی مادی پێشنیار دەکا و ئەو هاوبەشییانە بەستێنێک بۆ یەکێتی ئەو دووە دادەنێ، تا ئەو جێیە کە بکرێ ژیان بە عەقڵ دابڕێژین و بە خزمەت بیراژینێنەوە. دەبینین کە پێداگری ئەو هەروا لە سەر بەرژەوەندی مادی و ئەو دونیاییەیە و نە کاروباری غەیری مادی، ڕووحانی، یان ژیانی دوای مردن. لێرەش دیسان دە شیکردنەوە و شرۆڤەی ئەودا دژایەتێک دەگەڵ دین وەبەرچاو ناکەوێ. کاکڵی سێکولاریزم لە دەستپێکدا وەک فەلسەفەیەکی غەیرە دینی (نەک دژەدینی) دێتە گۆڕێ کە سەرقاڵی پێداویستی یەکان و ئاستەنگەکانی ژیانی ئەو دونیایە دەبێ نە پێداویستی یەکان و دڵەڕاوکێیەکان ژیانی ئەگەری دونیای دوای مردن. بەڵام فەلسەفەی ماتریالیستی یش هەر بە سێکولاریزم دادەنێ. فەلسەفەیەک کە هەم کەرەسەگەلی لەبارکردنی ژیان و هەم سروشتی دونیایە بە ماددی دابنێ. ئەوڕۆکە بە گشتی ئەوتۆ فەلسەفەیەک بە ئومانیزم ( مرۆڤگەرایی ) یان ئومانیزمی سێکولار دەزانرێ، وسێکولاریزم لانیکەم دە زانستی ئینسانی دا بە واتای زۆر بەرتەسکتردا دێتە بەرچاو. مانای سەرەتایی "سێکولار" ولەوانەش مانای هەرە گرینگترینی ئەو ڕەوتی " غەیری دینی "بوونی

ئەوە دە ئەوتۆ کەلک لێوەرگرتنێکدا ڕەوتیک بە سێکولار دەزانرێ کە دونیایی و شارەستانییەتی (مەدەنی ) .دە واتای دووهەمیدا بە ڕەوتێک دەگوترێ کە لە دژبەری ڕەوتی موقەددەس و خەوش هەڵنەگردا دێ. دەو چەمکەدا شتێک بە سێکولار دادەنرێ کە بۆ پەرەستن و کڕنۆشبردن نابن، بەڵکوو بۆرەخنەلێگرن و پێداچوونەوە دەبن.

## ڕیشەی دین لە سێکولاریزم دا

(سێکولاریزم وەک ڕاهێنانێکی جێی شانازی بۆ مەسیحییەت)

تا ئەو جێگایەی کە ئەورۆ چەمکی سێکولاریزم بە گشتی دە دژایەتی لەگەڵ دیندا دێتە گۆڕێ، ڕەنگبێ زۆرکەس نەزانن کە سێکولاریزم لە دەستپێکەوە لە بەستێنی دین دا ڕسکاوە. ئەو تەوەرە هەروا لەوانەشە بۆ زۆریەک لە بەپارێزەکانیش کە پەرەسەندنی سێکولاریزم بە قەباحەت و کارەسات لە دونیای مۆدێرندا دەزانن، سەرسوورهێنەر بێ. لەڕاستیدا دەتوانرێ ریشەی جیاوازیی نێوان دەستەڵاتی دونیایی و دونیای دوای مردن لە کتێبی ئینجیلی چاخی نوێ بدۆزینەوە. لەو کتێبەدا وتارێک لە عیسا مەسیحەوە هاتووە کە دەڵێ "ئەرکی سەزار بە سەزار و ئەرکی خوداش بە خودا بسپێرن " دواتر ئاگووستین قەددیس کە لە زاناترین ئیلاهییات زانانی مەسیحییەت بوو، جێوازی بەرچاوتر و لێزانانەتری نێوان ئەو دوو دەستەڵاتە هێنایە کایەوە. ئەو نێوانی دوو "شار"جیوازی دانا و یەکیانی بە شاری دونیا واتە civitas terrense ئەویدەکەیانی بە شاری خودا واتە civitas ناساند. "شاری دونیا "و "شاری خودای"دوو وشە بوون کە ئاگووستین بۆ شیکردنەوەی مەبەستی خودا لە گەشەی مێژوویی دەکار کرد.بەڵام خەڵکانی دی لەو دوو وشەیە بۆمەبەستگەلێکی ترکەلکیان وەردەگرت. هێندێک کە بەدوای ڕێگایەکەوە بوون وەک پاساو بۆ سەلماندنی سیستیمی پاپ ( سەرۆک قەشەی کاتولیک ) دەیانگووت کە تەشکیلاتی کلیسای کاتولیک هەر ئەو "شاری خودا"یە و هەر بەو هۆیەش دەوڵەتەکانی مەدەنی دەبێ وەفاداری خۆیان بۆ کلیساکان ڕابگەیێنن. هێندێکی دیکەش کە بە دوای پاساو بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی دەوڵەت لە دەستەڵاتی کلیساوە بوون دەیانگووت مەبەستی ئاگووستینی لە شاری خودا و شاری دونیا نیشاندەری ئەو گرینگی یەیە کە شاری دونیا هەیەتی. بەڵام دەئاکامدا ئەو پاریزگاری ڕووحانی یە لە سیستێمی دەوڵەتی مەدەنی سەربەخۆ لە کلیسا بوو ،کە دەستەڵاتی بە دەستەوە گرت . دە ئوروپای سەدەی ناوەڕاست دا وشەی لاتینی Saecularis یان بۆ پەسنی "حاڵی حازر" دەکار دەکرد. هەروەها بەو ڕووحانییانەی کە سوێندی ڕەبانییەتیان نەخواردبوو سێکولاریان پێدەگوتن. ئەو ڕووحانیانەی کە لە جیاتی هەڵبژاردنی ڕێبازی خۆ تەریککردنەوە و گۆشەنشینی ڕاهیبانە، خەریکی کار وباری دونیایی و ئەورۆیی بوون یش هەر سێکولاریان پێدەگوتن. لە سەر ئەو باوەڕە کە چونکوو ئەو ڕووحانییانە کاری "دونیایی " دەکەن، ناتوانن خاوەنی ئەو هەلومەرجە ئەخلاقی و کردەوە ئیلاهییە بن کە تاک دەبێ بیبێ. لەبەروەیکە ئەو کەسانە "دونیا "یان هەڵبژاردووە ، ئەوانیان بە نەبوونی خلووسی نییەت کە بوونی لە هەر ڕووحانێکی پایەبەرز چاوەڕوان دەکرا، دادەنا. بەڵام کەسانێک کە سوێندی ڕەبانییەتیان خواردبوو دەیانتوانی ببنە خاوەنی ئەو ستانداردە کە یەک ڕووحانی پایەبەرز دەبێ بیبێ. هەر لەبەروەش دە سیستێمی ڕەدە بەندی کلیسادا شتێکی بە دوور لە نەریت نەبوو کە بە چاوێکی نزمتر چاو لەو ڕووحانییانە بکەرێ کە بە سێکولار ناسرابوون. بەم شێوەیە دەبینین کە تەشکیلاتی کلیسا تەنانەت لە سەدەکانی یەکەمی مەسیحییەتیشدا لە نێوان سیستیمێکی دینی تەواو عەیار و سیستیمێکی دینی بە عەیاری کەمترەوە، کۆمەڵایەتی و ئەو دونیایی جیاوازیان دادەنا. ئەو جیاوازی دانانە دواتر بووە هۆی جێوازیگەلی تر کە باوەڕمەندان بە خودا لەنێوان ئیمان و شعوور، دە نێوان خودا پرستانەی وەحی و خوداپەرەستانەی سروشت دا دایاندەنا. ئیمان و وەحی هەر لە کۆنەوە دەستەواژەیەکی بە موڵکی بێ ئەملاو ئەولای کلیساکان بوو. بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمەن، هێندێک لە زانایانی بواری خودا ناسی بەڵگەیان دەهێناوە کە هەرێمێکی جیاواز لە ماریفەت هەیە کە سەر بە عەقڵ و شعوور و مشووری مرۆڤایەتییەوە. بەو جۆرە ئەوان خوداناسانەی سروشتیان هێنایە گۆڕێ. لەو خوداناسانەی سروشتی دا ماریفەت بە خودا نە تەنیا دەتوانێ لە ڕێگای ئیمان و وەحی یەو بێ، بەڵکوو عەقڵی مرۆڤ یش دەتوانێ بە دیتن و سرنجدا ن دە سروشت دا بەو ماریفەتە خودایی یە بگا.

لە زۆوە باوەڕ بەوە بووە کە ئەو دوو هەرێمەی ماریفەت ،واتە عەقڵ و وەحی، پەیوەندییەکی هاوبەشی سازدەکەن.بەڵام ئەو یەکێتییە هێندەی نەخایاند. لە سەرەخۆ تاقمێ لە زانایانی بواری خوداناسی،کە گرینگترینێیان denus skots و wiliam ukami بوون. دەیانگووت کە تەواوی ئیمانی مەسیحییەت لە سەر بنەمای وەحی یە، ولەبەروەشە کە پڕە لە دژیەکتری (تەناقووز ) کە سەر لە عەقڵی مرۆڤایەتی دەشێوێنن . ئەو زانایانەی بواری خوداناسی بەو ئاکامە گەیشتن کە عەقڵی مرۆڤ و ئیمان بە وەحی تا سەر ناتوانن بەیەکەوە بسازێن. عەقڵی مرۆڤ دەبێ لە هەرێمی ئەزموونیدا خۆبە شتەهایەکی ماددییەوە خەریک بکا، ئەگەر چی ڕەنگبێ عەقڵێ مرۆڤایەتی یش هەر بەو ئاکامە بگا کە ئیمانی دینی و ئیمان بە وەحی متافیزیکی پێیدەگا. بەڵام ناتوانێ عەقڵ و وەحی دە یەک سیستێمی لێکۆڵێنەوە دا بەشداری بکرێن. ئیمان ناتوانێ بنەمای عەقڵ بێ ، و عەقڵ یش ناتوانێ بنەمای ئیمان بێ. دوایین هەنگاوی بەرەو سێکولاریزم ،ئەرکی سێکولارەکانی دژ بە مەسیحییەت نەبوو، بەڵکوو ئەرکی ئەومەسیحییە بە ئیمان و باوەڕمەندانە بوو کە لە وێرانییەکانی کەوتوو لە شەڕی مەزهەبی وەگیان هاتبوون. بەدوای ڕیفۆرمی دینی ( ڕیفۆرماسیۆن ) شەڕێکی یەکجار زۆر لە سەر ئەوەیکە باوەڕی درووستی دینی کامیانە ساز بوو. شەڕگەلێک کە سەرتاسەری ئوروپای گرتبۆوە. لە وەڵاتانی پرۆتستان ،ڕیفۆرمی دینی هەووەڵین حەول بوو بۆ دابینکردن و سەلماندنی نەریتی کۆمەڵگای دینی لای توێژگەلێکی یەکجار بەرین لە کۆمەڵەی سیاسی، بەڵام ئەو حەولە بە بۆنەی بوونی جێوازییەکی زۆر و ڕوو بە گەشە دە نێوان ئەو تاقمە ودەستانەدا بێ ئاکام مایەوە. دەئاکامدا جەماوەر وە دوای ڕێچارەیەک بۆ خۆپاراستن لە شەڕ و تەنگژە کەوتن. بەرهەمی ئەویش بوو بەوە کە خەڵک بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە کەمتر ڕاهێنان و فێرکردنەکانی تایبەت بە دینی مەسیحییەتیان دەکار دەکرد و تەنیا لەو بوارانەیان کەلک وەردەگرت کە وا زۆر گشتی و لەگەڵ عەقڵ گونجاوتر بوون. ئەو ڕووداوە لە لای گەلانی کاتولیک هێندێکی جیاوازی هەبوو. لەوەیکە کلیسای کاتولیک هەمووانی بە تۆبزی دەکردە دەستەمۆی بێ ئەملاو ئەملای تەشکیلاتی کلیسای کاتولیکی ڕوومی. لە سەروەشڕا کاتولیکەکانی یش هێندێک تامی ئازادیان چێشت. ئەو ڕووداوە لە سەرەخۆ بوو بە هۆی زۆرتربەرتەسک کردنەوەی دەستەڵاتی کلیسا دە کار وباری سیاسی دا. خەڵک لێیانحاڵی بوو کە دەتوانن هەرێم و بوار گەلی یەکجار زۆریان بۆ کەلکوەرگرتن لە بیر وباوەڕی و ڕاوێژی خۆیان ببێ ،بێ وەیکە دەستەڵاتی کلیسایان لە سەر ببێ. ئەو ڕەوتە تا دەهات جیایی نێوان کلیسا ودەوڵەتی بەربەرینتر دەکرد و ئەوجووتەی زیاتر لە یەکتر جیا دەکردەوە. بە جوریک ئەو جیایی یەی نێوان دین ودەوڵەت وەپێش وەڵاتانی پرۆتستان کەوت . هەڵبەت بە هۆی خدەی کلیسای کاتولیک، کورتکردنەوەی دەستەڵاتی کلیسا لە هەرێمی گشتی کۆمەڵگا ئاوێتەی گۆڕانکارییەکی سەرسوورهێنەری کۆمەڵایەتی بووکە بۆوێنە هەرە بەرچاو شۆڕشی فەڕانسە دە ساڵی ١٧٨٩ دا. شۆڕشێک کە دوای ئەو گشتە هەڵسوکەوتە زۆرە دەئاکامدا ساڵی ١٩٠٥ قانوونی لائیسیتە، واتە جیایی تەواو وکامڵی پێکهاتەکانی دینی لە دەوڵەتی لێکەوتەوە. حەول بۆ جوێکردنەوەی ئیمان و عەقڵ وەک ڕووخسارێکی جێواز لە ماریفەت بە دڵی دەستەڵاتدارانی

کلیسا نەبوو . لە لایەکی ترەوە ،کلیسا بە جورێکی ڕوولە زیادبوون لە گەشەکردنی بیرکردنەوە بە پێی عەقڵ لەمەڕ فەلسەفە و خوداناسی دڵگرانتر دەبوو لەبەروەیکە بزووتنەوەی عەقڵانی، عەقڵی مرۆڤایەتی بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ دیاریکردنی ئەوەیکە چ درووستە و چ نادرووستە ،دەزانی. بۆیە کلیسا لە جیاتی سەلماندنی جیایی خۆی لە کار وباری مەدەنی، دەفکری سەرکوتی ئەو بیرۆکانە دا بوو. بەو هیوایە کە بیرۆکەی ئیمان لە پێش عەقڵەوە دێ ،داسەپێنێ. ئیمانێکی بە درێژایی سەدەکان پێناسەیەک بۆ مەسیحییەت بوو و بێرۆکەی عەقڵ گەرایی خستبووە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە.

## سێکولاریزم وەک یەک فەلسەفە

ئەگەرچی مانایەکی سێکولاریزم لاوازکردنی دین دە هەرێمی کارو باری مەدەنی یە، بەڵام ئەغڵەب ئەویان بە یەک سیستێمی فەلسەفی زانیوە کە خاوەنی پاشەرۆی شەخسی، سیاسی، فەرهەنگی تایبەت بە خۆییەتی. سێکولاریزم وەک یەک فەلسەفە تارادەیەک دەگەڵ سێکولاریزم وەک یەک پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جێوازی هەیە. بەڵام سێکولاریزم چ شێوە فەلسەفەیەکە ؟ فەلسەفەی سێکولاریزم بە شێوەی جۆراواجۆر شرۆڤەیان کردووە، کە هەڵبەت هەر هەمووشیان وێکچوویەکی گرینگیان دەگەڵ یەکتر هەیە. جورج یاکووب ئووک، ڕسکێنەری وشەی سێکولاریزم مانای فەلسەفییەکەی بە ڕاشکاوانەترین شێوە دە کتێبی سێکولاریزمی ئینگلیسی دا ئاوا باس دەکا: سێکولاریزم سیتێمی ئەرکداری لەمەڕ ژیانی ئەو دونیایە یە. سیستێمێک کە تەنیا لە سەر بنەمای لەبەرچاوگرتنی مرۆڤایەتی پێکهاتووە و بە گشتی کەسانێک هەڵگری ئەو باوەڕەن کە ئیلاهییاتیان پێ ناڕوون، هەڵگری کەمو کورِ ،وجێ باوەڕنەبوون دەزانن، کۆڵەکەکانی سێکولاریزم وەک دە بابەتەکانی پشوودا باسمان کرد ئەو خاڵانەی ژێرەوەن:

١- باشکردنی ژیانی ئەو دونیایەی خەڵک بە کەلکوەرگرتن لە کەرەسەکانی ماددی.
٢- ئەگەر شتێک بە نێوی موعجیزە بی ئەوە لە ئەو دونیایە یە.
٣- بەرژەوەندی دەکاری چاک دایە ، چ خێری دونیای دوای مەرگ ببێ یان نەبێ.
٤- چاکە دەو دونایەیەدا چاکە و درێژە پێدانیشی بەرژەوەندی تیدایە.

ڕابێرت گرین ئینگرسۆن، زانا و ئازادەی ئەمریکایی سێکولاریزمی ئاوا تاریف دەکا، سێکولاریزم دینی مرۆڤایەتی یە، بە کارو باری ئەو دونایەیەوە خۆ خەریک دەکا، خوازیاری ئەو شتانەیە کە سەرکەوتوویی و تێر وتەسەلی دانیشتوانی ئەو دونیایەیی بە دواوە بێ. سرنجی ئێمە بەرەو دونیایەکی دیکەی ڕادەکێشێ کە ژیانی تێدایە، بەو واتایە یە کە هەر ئینسانێک خاوەن بایەخە، خاوەن بیری سەربەخۆیە، کورسی لە مەنبەر بە بایەختر دادەنێ، و دەڵێ: ئەوانەی کە دەکێشن ڕەنج، دەبێ ببنە خاوەن گەنج و ئەوانەی زێر پاشەکەوتە دەکەن دەبێ دەست و پێ بە کۆت بن. (ئەوە ڕەخنەیەکە دژ بە سەرەڕۆیی دەستەڵاتدارانی کلیساکان ،لە ڕاست خەڵکی هەژار یان دیلی ئەڕواح و جەندۆکە وقەشەکان ).بزووتنەوەیەکە دژ بە فەوتانی ئەو ژیانە دەرێگای ژیانێکی دیکەدا کە هیچکاممان هیچی لێنازانین، ئەو بزووتنەوەیە لە خوداکانی دەوێ خەریکی کاری خۆیان بن تا ئێمە بۆ خۆمان و بۆ مرۆڤایەتی بژین، بۆ ئێستا نە بۆ ڕابردوو ، بۆ ئەو دونیایە نە بۆ دونیایەکی دیکە .تێدەکۆشێ ئێمە لە توند وتیژی و خەراپە، لە نەزانی و هەژاری و نەخۆشی ڕزگار بکا. ویرژیلیۆس دە کتێبەکەیدا بە نێوی زانیاری دینی ،دەتاریفی سێکولاریزمدا ئاوادەڵێ سیستمێکی بەرینی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی یە بە پێی بەرژەوەندی بۆ باشتر کردنی چۆنیەتی ژیانی مرۆڤ، بە بێ تێوەگلانی دین و تەنیا لە لایەن عەقلی ئینسانی، زانست و پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی یەوە بەڕیوە دەچێ. سێکولاریزم یەک ڕوانگەی بەرچاوە کە لایەن زۆربەوە سەلماوە و مەبەست لەو ئەو بەریوەبردنی کار وبار و چالاکی یەکان و پێهاتەکان بە مەبەستی غەیرە دینی و هاوتەریب دەگەڵ بەختەوەری و ڕزگاری دونیایە دا دەبێ. دەو دوایانەداش بێرنارد لووئیس چەمکی سێکولاریزم ئاوا باس دەکا. وشەی سێکولاریزم هەووەڵ دە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دە زمان ئینگلیسی دەکارکراوە، و ناوەرۆکێکی ئیدۆئۆلۆژییانەی بووە. لە دەستپێکی دەکارکردنیدا لە شێوە ڕاهێنانێک دەدوا کە بە پێی ئەوچالاکییەکان دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەخلاقێک بێ کە بەختەوەری دونیایی ئینسانانی لێبکەوێتەوە، و شتەهایەک لە مەڕ هێزی مێتافیزیکی و دونیای دوای مردن و بابەتی لەو شێوەیە دەبێ وەلابنرێن و پاشان سێکولاریزمیان بەو مانایە بەرینتر دەکاردەکرد کە پێکهاتەکانی جەماوەری، بە تایبەت فێرکردن و ڕاهێنانی گشتی دەبێ سێکولار بێ نە دینی. دە سەدەی بیستەمدا، ئەو وشەیە واتای بەربەرینتری وەخۆگرت، کە لە ماناکانی ڕابردووی و نوێی وشەی سێکولار سەرچاوەی گرتبوو. ئەورۆ ئەغلەب وێڕای "جیایی پێهاتەکانی دینی و دەوڵەتی "کەکەلکی لێوەردەگیرێ. کە تا ڕادەیەک بەرابەرە دەگەڵ وشەی فەڕانسەیی یەکەی لائیسیتە کە کەوتۆتە سەر زمانەکانی دیکەش. بەڵام هێشتا دە زمانی ئینگلیسی دا دەکار ناکرێ. بە پێی ئەو تاریفە ،سێکولاریزم یەک فەلسەفەی پۆزیتیڤە کە بە خرِی بەختەوەری ژیانی ئەو دونیایەی ئینسانەکان دەگرێتە خۆ. باشبوونی هەلومەرجی ئینسانەکان بە یەک تەوەری ماددی دادەنێ، ونە ڕووحانی ، وبە باشترین ڕێگا بۆ وەدەست هێنانی ئەو ژیانە بەختەوەرانە دە حەول وتێکۆشانی ئینساناندا دەبینێ نە دە دیلی و عەبد بوونییان لە ڕاست هێزی میتافیزیکی دا .

## سێکولاریزم وەک یەک بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی

(سەلماندنی یەک پێکهاتەی خۆڕسکاوی سەر بە خۆ و جوێ لە دین ) ئەگەر چی ئەورۆ"سێکولاریزم" واتایەکی بەرتەسکتری وەخۆگرتووە ،بەڵام لایەنی فەلسەفی خۆی هەر وا پاراستووە ، بە تایبەت کاتێکی کە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێتە گۆڕێ . دە سەراسەی مێژووی سێکولاریزم دا ،ئەو چەمکە زۆر شێلگیرانە داخوازی پێکهاتنی یەک هەرێمی سەربەخۆ و خۆ ڕسکاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە کە ناتوراڵیست یان ماتریالیست بێ . گۆڕەپانێکی کە لە سەرووی دین و بە دوور لە باوەڕگەلی بە هێزی لەسەرووی سروشت (مێتافیزیکی ) . پێشووش ، دە وڵاتانی مەسیحی

دابوونی دەوڵەتیان بە یەک پێداویستی دەزانی کە بۆ ڕاگرتنی نەزمی گشتی پێویستیان پێیدەبێ . بەگشتی دەوڵەت بە پێکهاتەیەک دەژمێردرا کە دە خزمەت دەستەڵاتدارانی گەندەڵە وبەرهەڵستێکە کە جەماوەری خەڵک لە ئەرکی سەرەکییان کە بریتی لە گوێڕایەڵی لە کلیسا بێ ،دەگێڕێتەوە .بە پێچەوانەی دەوڵەت کە پێیوابوو کلیسا پێکهاتەیەکی موقەددەسە کە دەوڵەت دەبێ سەر بە ئەو بێ . ئەگەر چی دەوڵەت دەتوانێ بەرپرسی پاراستنی نەزمی گشتی بێ ، بەڵام بەرپرسیارەتی گرینگتر لە سەر شانی کلیسایە کە بەرپرسی ئەرواحی خەڵک و بەختەوەری ژیانی دوای مردنیانە . ورده ورده چەمکی دەوڵەت وەک مەرجێکی پێویست ، سەلمێندراوی خۆی لە دەست دا . بۆ وێنە ،توماس ئاکویناس ، گەورە زانای خودناسی کلیسای کاتولیک پێداگری لە سەر وەیکە دەوڵەت جێی باوەڕی خودایە دەکرد، لەبەر ئەوەی کار و ئەرکی دەوڵەت دەبێ ببێتە ئەوە کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وا بخولقێنێ کە بەختەوەری ژیانی دوای مردنی خەڵک دابین بکا . بەو پێیە ،ئاکویناس یش دەوڵەتی لە سەرووی کلیسای دادەنا ، بەڵام ئاکامی کردەوەکانی ئەوی بە نێگاتیڤ نەدەزانی . بەڵام دەگەڵ پێکهاتنی ڕێنسانس لە ئیتالیا ، ئەو ڕوانینە ئیسلاحکراوەش ئاڵوگۆڕی بە سەرداهات . ڕێنسانس شۆڕشی بیر و ڕا بە کردەوە هاتە مەیدان و تەواوی ئوروپای گرتەوە . هەر لە دەستپێکی چاخی ڕێنسانس ، نووسەرانی وەک دانتە لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە حاکمانی دونیا ماف و ئەرکیان هەیە کە بە بێ هیچ گوێڕایەڵییەک بۆ کلیسا حکومەت بکەن . ئەو ڕوانگەیە تا دوایی سەدەکانی ناوەڕاست پەرەی نەستاند ، بەڵام بە تێپەڕ بوونی زەمەن ئەو خاڵە بنەڕەتییانەی فەیلەسوفەکانی سیاسی ڕێنسانس ، وەک ماکیاوێلی ، دە سەرتاسەری ئوروپادا بە جوانی وەرگیرا . بەڵام دابڕانی یەکجاری لە ڕابردوو ، دەستکەوتی فەیلەسوفانی سیاسەت نەبوو ،بەڵکوو ئاکامی تەنگژە و جێوازی بۆچوونەکان دە نێو مەسیحییەت دا بوو . بیر و ڕای سوننەتی لە سەرئەو باوەڕ بوو کە ڕاهێنانی مەسیحییەت دەبێ بەڕیوەبەری کۆمەڵگای مەدەنی بێ. بەڵام ئەو تێڕوانینە دە ماوەی شەڕەکانی مەزهەبی سەردەمی پرۆتستانەکان ڕوو بە فەوتان بوو . دەو سەردەمە پڕ لە کێشە و ئاژاوە یەدا مەسیحییەکان دەستیان دابووە کوشتاری یەکتر و دەوڵەتە مەسیحییەکان هەڵیاندەکوتایە سەر دەوڵەتە مەسیحییەکانی تر . بەڵام هەر زوو خەڵک بەو ئاکامە گەییشتن کە دەبێ مەسیحییەت لە لایەک و حکومەت و فەرهەنگ لە یەکی دیکەوە لە یەکتر جیا بکرێنەوە . خەڵک بە دوای ڕێگایەکەوە بوون کە هەموو بە بێ لە بەرچاوگرتنی باوەڕگەلی دینی لە سەری پێکبێن بە مەبەستی بەڕیوەبردن و هێوەرکردنەوەی کۆمەڵگا. بۆیە هێندێک پەنایان بردە بەر فێر کردن و ڕاهێنانی مافی سروشتی ، ڕاهێنانێک کە لە فەیلەسوفەکانی چاخی باستانی یونان وەرگیرابوو ؛ هێندێک یش بە لێکدانەوەی جێواز لە مەسیحییەت وەک دەئیزم ،خۆیان خەریک کردبوو . بزووتنەوەی ئومانیزمی یونانی یەکان و ڕوومی یەکانی چاخی باستان نەخشێکی بەرچاویان دەو ڕەوتەدا دەگێڕا . هەڵبەت ئەوە بەو واتایە نییە کە مەبەستی فەیلەسوف و سیاسەتوانانی ئەو چاخ لە جیای دەوڵەت و کلیسا ئەوە بووبێ کە ئەورۆ لە ڕۆژاوا ئێمە دەیبینین . چۆنیەتی ئەورۆ تەواو بۆ جەماوەری سەدەی شازدە نامۆ بوو ، و بەدووره کە ئەگەر هەر ئەوەی ئەورۆ بە ئەوان پێشنیار کرابوایە ، ئەوان وەریانگرتبا ، لەبەر ئەوەی ئەوان هەر لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە مەسیحییەت بۆ پاراستنی ئەخلاق و وەفاداری بە ڕێبەرانی سیاسی یەکان پێویستە. ئەوان بە دوای دابڕان لە مەسیحییەت و وەلانانی ئەو نەبوون ، بەڵکووهاتبوونە سەر ئەوە کە مەسیحییەت سەرچاوەیەکی وێجوو بۆ دامرکاندنی تەنگژەکانی دینی و سیاسی ئەو سەردەم نییە . شەڕ و پێکدادان کە وەک تاعوون کەوتبووە گیانی ئوروپا . کە وابوو ئەوان بە دوای سەردەمێکی نوێ بۆ بیر وڕای خۆیان بوون کە بە یارمەتی ئەو بتوانن گیر وگرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بە بێ تێوەگلاندنی ڕیبازی دینی یان ڕێبەرانی دینی چارەسەر بکەن . هەنگاوێکی گرینگ دەو بوارەدا ،هێنانە گۆڕێی باسی مافی سرووشتی لە لایەن زانایانی وەک هابز و گرۆتیووس بوو .هوگۆ دوگوورت ، کە نێوی هولەندییەکی ئەو گرۆتیووس بوو ( مافناسێکی سەدەی هەفدە یە کە کتێبێکی ناسراوی بە نێوی شەڕ و ئاشتی هەیە ) لە گیانی خۆی مایەی دانا و فەرهەنگی توونەدئاژوانەی دینی ئەوسەردەمی هولەندی کێشایە ژێر پرسیار تا بڵێ کە ئینسانەکان سەربەخۆن تا هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بە پێی پێداویستییەکانی خۆیان بگۆڕن . ئەو دەیگووت خەڵک مافی هەیە کە خۆیان قانوونی خۆیان دابنێن ، ڕێکخراوی سیاسی خۆیان دابمەزرێنن ، و تەسمیم بگرن کە چۆن کار وباری سیاسی وکۆمەڵایەتی خۆیان ڕێکوپێک بکەن وبەڕیوەبەرن . ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئینسانەکان بە ڕاستی دەتوانن نەخشی سەرەکی بۆ بەختەوەربوونیان بگێڕن _ و ئەوە ڕاشکاوانەترین هەڵوێستێک بوو کە لە ڕاست ئەو توونەد ئاژوانەی دینی نواندی . بنەمای ئەو فەلسەفە حقووقی یە ، ئازادی مرۆڤ بوو . کە ئەو تێڕوانینە واتایەکی دونیاشمول ( ئونیوەرساڵ ) ی بە خۆوە گرتبوو تا بیر و بۆچوونێکی نوێ لە مەڕ ئینسان ودەوڵەت بێنێتە گۆڕێ .بە پێچەوانەی بۆچوونی کلیسای کاتولیک ، کە ماف یان بە پێی بایخەکانی مێتافیزیکی و لە ژێرچاوەدێری ناوەندی ئیمپراتوری سیاسی دەزانی . تێڕوانینی نوێ ، پارێزەری سەربەخۆیی گەلان و دەوڵەتە نەتەوایەتییەکان بوو وخەڵکیان بە خاوەن مافی خۆبەریوەبردن و چارەی خۆ نووسین بە بێ هیچ چاوەدێرییەک و تێکەڵاوییەک لە لایەن کلیساوە دەزانی . دە ڕوانینی نوێدا ،لە دەوڵەتە مەسیحییەکان چاوەڕوان نەدەکرا کە لە سەر هەموو شت پێک بێن ، بەڵام چاوەڕوان دەکرا کە هەموو بەدوای بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆیانەوە بن . بەرژەوەندی و مەبەستگەلێک کە سەرۆکی وڵات بە گونجاوی دەزانێ .بە تێپەڕبوونی زەمەن ئەو ڕوانگەیە کەوتە نێو ئەو خانەیە کە هەڵوێستی سیاسی دەبێ بە پێی هەلومەرجی هەرێمی وبە لەبەرچاوگرتنی جێوازییەکانی فەرهەنگی بگیرێ ونە لە سەربنەمای ڕیبازی دونیاشمولی( ئونیوەرساڵ ). لەسەروەشرا ، ئەو نیسبەتگەرایی سیاسییە تەواو زاڵ نەبوو ، بەلکوو لە جیاتی هەموو دونیاشمولگەرایی مەسیحییەت ، ڕۆاڵەتی سێکولار لە ڕاهێنانی دونیا شمولگەرایی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاتە گۆڕێ . کە بە پێی ئەو ڕاهێنانانەی سێکولار ، جێوازی فەرهەنگی لە ڕاست وێکچوویی و یەکسانی مرۆڤایەتی هیچ بایخێکی پێنەدەدرا . هەموو مرۆڤەکان ، بە بێ جێوازی جێگای ژینیان ، خاوەنی پێداویستی و ویستگەلی بنەڕەتی وەک یەکن . دەئاکامدا ئەو تێڕوانینە بە گشتی سەلمێندرا کە هێندێک خاڵی گشتی و دونیاشمولی ئابووری ، سیاسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەن کە دەبێ ببنە پێواری تایبەت بە داوەری لە مەڕ سیستێمی ئابووری ، سیاسی ، وکۆمەڵایەتی. دونیاشمولگەرایی مەسیحییەت ، کە بە وەدیهاتنی ڕێفۆرمی پرۆتستان برینێکی قووڵی دەلەشی کەوتبوو ، دەئاکامدادەروەستی دژایەتی دەگەڵ ئەو ڕوانگە و بۆچوونە دونیاشمولگەرایی نوێیە نەهات و تەسلیمی بوو .چون هەم ڕوانگە نیسبیگەرایی و هەم دونیاشمولگەرایی کە دوو بۆچوونی نوێ بوون بە تایبەتمەندی سێکولارییەوە ،دەوڵەتیان نە بە گوێڕایەڵی کلیسا و نە بە پارێزەری بۆچوون وبایخگەلی مێتافیزیکی دەزانی . ئەو دوو ڕوانگەیە بەدوای دابینکردنی گۆڕەپانێک لە دەستەڵات بوون کە تێدا ماریفەت ، هەڵسوکەوت ، بایخەکان ، و هەڵوێستەکان سەربەخۆبن کە بتوانرێ پێداویستییەکانی مرۆڤ ئازاد وسەربە خۆ وبە بێ هیچ مەرج و بەڵێنێک لە ڕاست دەستەڵاتی کلیسا، لە لایەن پێهاتەکانی مرۆڤ دابین بکرێن.

دریژەی هەیە، بەشی دووهەم لە ژمارەی داهاتوو.

# نووسەری سەرکەوتووی ئەدەبی منداڵان



رەزا شوان

منداڵانی ئەمڕۆ ، هیوای دوارۆژن .. گرنگترین و بەنرخترین سامان و سەرمایەی هەر گەل و وڵاتێکن .. چارەنووس و داهاتووی هەر گەلێک ، بەندە بە رادەی گۆشکردن و پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی راست و دروستی منداڵە چاوگەشەکانی ئەمڕۆیانەوە .
لە ئەمڕۆدا ، رۆشنبیری و ئەدەبی منداڵان ، ژمارەیەکی زۆری لە نووسەران و ئەدیبان و دەروونناسان و پسپۆرانی بواری پەروەردە و توێژێنەران و رەخنەگران و میدیاکان و گەلێ دامەزراوە و دامودەزگای جیهانیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردوون .

نووسەری فەرەنسی ( فەرەنسیس ڤیداڵ ) دەڵێ : " نووسەرانی منداڵان ، دەتوانن تام و چێژی جیهان بگۆڕن .. بەڵکو دەتوانن جیهان خۆشی بگۆڕن .. "

ئەدەبی منداڵان ، بەر لە هەموو شتێ هۆنەر و ئەدەبە .. ئەدەبی منداڵان ، بەشێکە لە ئەدەب و ، گرنگترین کۆڵەکەیە لە کۆڵەکەکانی رۆشنبیریی منداڵان .. پڕلەئاوترین و بەخوڕترین زێیە لە زێیەکانی رووباری رۆشنبیریی منداڵان .
ئەدەبی منداڵان ، شێوازێکە لە شێوازەکانی گوزارشتکردنی هونەری ، کە دەستوور و بنەما و رێبازی تایبەتیی خۆی هەیە .. ئەدەبی منداڵان کاریگەرییەکی گرنگ و بەهێزی هەیە لە بنیاتنانی کەسایەتی دروستی منداڵان و ، لە وروژاندن و لە گەشەکردنی بەهرە و توانا و حەز و ئارەزووە هەمەچەشنەکانیان .. چونکە ئەدەبی منداڵان ، سەرەڕای تام و چێژە ئەدەبییەکەی ، چەندین ئامانجی زانیاری و ، پەروەردەیی و ، رەوشت بەرزی و ، دەروون دروستی و ، نیشتمان پەروەری و ، کۆمەڵایەتی دەهێنێتەدی .
لەم سەردەمەدا ، ئەدەبی منداڵان تەنها هۆیەک نییە بۆ شادی و خۆشنوودیی منداڵان ، بەڵکو هۆیەکیشە بۆ داهێنان و بۆ گەشەکردنی رۆشنبیری و ، بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی منداڵان و ، بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاریی هەمەرەنگەی نوێ .

لە ئەمڕۆدا ، ئەدەبی منداڵان بۆتە پێویستییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی .. بووە بە مژدەبەخشی گزنگدانی ئاسۆیەکی رووناکتر و ، ئایندەیەکی گەشتر و شیاوتر .

ئەدەبی منداڵان ، تەنها چیرۆک و هۆنراوە و سروود و لایلایە و گۆرانی و شانۆ و رۆمان و پەخشان نییە .. بەڵکو هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە ، کە منداڵان دەیان خوێننەوە ، دەیان بینن ، دەیان بیستن ، بەمەرجێک لە جیهانی پاک و سنووردار ی منداڵییانەوە ، نامۆ و دوور و بەدەر نەبن .
رەخنەگری ئەدەبی منداڵان ( لینە گۆڵدبرگ ) دەڵێ : " ئەدەبی منداڵان ، ئەو جۆرە ئەدەبەیە . پەخشان یا هۆنراوە . کە لە ناوەرۆک و شێوازدا ، لەگەڵ توانا و درک و هەستکردنی منداڵانی تا تەمەنی نزیکی سیانگزە ساڵاندا بگونجێت .. شێوازی ئەم ئەدەبەش دەبێ ئاسان و روون بێت ، لە گرانی و پڕ لە گرفت دووربێت ، بەپێی گەشەکردنیان بێت و ، لە توانای تێگەیشتن وەرگرتنی منداڵان دوور نەبێت .. "
لە بارەی بایەخی ئەدەبی منداڵانیشەوە ، شاعیری بولگاری ( ران بوسیلیک ) دەڵێ : " ئەدەب بۆ منداڵان ، وەکو شیری دایک و هەوای پاک وایە ، کە پێویستە هەبن .. "
هەر لە بارەی پێویستی و گرنگیی ئەدەبی منداڵانەوە ، دکتۆر ( ناسرەدین ئەلئەسەد ) دەڵێ : " ئەدەبی منداڵان ، وەکو ڤیتامینەکانە بۆ بیر و هۆش ، کە هۆش و ئەندێشە ، پێویستیان بە جۆرە جیاوازەکانی هەیە ، هەر جۆرێکیش لایەنێکی بیر و هۆش و ئەندێشە مەست دەکات .. "

( دۆن مورایە ) ش دەڵێ : " ئەدەبی منداڵان ، کاریگەرییەکی گرنگ و ، بایەخێکی جیاوازی لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوودا هەیە .. "

مێژووی ئەدەبی منداڵان ، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا . ئەگەرچی ئەدەبێکی نەنووسراو بووە . بەڵام ئەدەبی منداڵان ، بەم شێوە سەردەمییە و ، لەم فۆرم و بەرگە تازەیەیدا ، دەگەڕێتەوە بو سەدەی حەڤدەیەمین .. لە نووسینی داهاتوومدا ، مێژووی ئەدەبی منداڵان بەسەر دەکەمەوە .
گرنگترین بنچینە و ئەو مەرجە بنەڕەتییانەی ، کە پێویستە نووسەری سەرکەوتووی ئەدەبی منداڵان بیانزانێ و ، لەکاتی نووسینی هەر بابەتێکدا بۆ منداڵان لە بەرچاویان بگرێت ، بە کورتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا ، ریزبەندمان کردوون :

یەکەم : نووسەری ئەدەبی منداڵان ، بەر لە هەموو شتێک ، دەبێ ئەوە بزانێت کە بۆ منداڵان دەنووسێت و ، پەیامەکەی ئاراستەی ئەوان دەکات .. دەبێت لە خەسڵەتەکانی قۆناغەکانی گەورەبوون و ، لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی منداڵان لانەدات .

دووەم : نووسەری ئەدەبی منداڵان ، پێویستە بایەخێکی زۆر بە لایەنی پەروەردەی سایکۆلۆژیای منداڵان بدات .. بەڵکو پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان پەروەردەکار بێت و ، شارەزاییەکی باشی لە پەروەردەی نوێدا هەبێت ، چونکە گرنگترین ئامانجی ئەدەبی منداڵان ، پەروەردەکردنی دروستی منداڵانە .. وەکو دەڵێن :

" منداڵان خۆشەویستن .. بەڵام پەروەردەکردنیان خۆشەویسترە .. "

سێیەم : نووسەری ئەدەبی منداڵان ، پێویستە شارەزاییەکی باشی لە قۆناغەکانی گەورەبوون و گەشەکردنی منداڵان و لە نیشانەکانیان هەبێت .. ئەم شارەزاییەشی توانای ئەوەی پێ دەبەخشێت ، کە بۆ هەر قۆناغێکی منداڵی ، چ بیرۆکەیەک بکات بە هەوێنی بابەتەکانی ، بە چ شێوازێک بابەتەکانی دابرێژێت ، چ جۆرە وشە و رستە و زمانێکی ساکار و گونجاو هەڵبژێرێت .. چونکە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکان جیاوازن و ، تایبەتمەندی و پێویستی و پێداویستیی خۆیان هەیە .. رادەی برکردنی بیر و هۆش و ئەندێشە و ، رووبەری ئاسۆی بیرکردنەوە و ، توانای رۆشنبیریی خۆیان هەیە .

چوارەم : کاری هونەری و کاری پەروەردەی دەروونی ، دوو چمکی ئەدەبی منداڵانن ، یا بڵێین هەردوو باڵی ئەدەبی منداڵانن .. ئەگەر باڵێکیان لە دەست بدات ، دەکەوێ و ناتوانێت بفڕێت .. بۆیە پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان ، هاوسەنگییەک لە نێوان ناوەڕۆک و فۆرمدا دروست بکات .. هیچ لایەنێکیان فەرامۆش نەکات و ، نەیکات بە قوربانی لایەنەکەی تریان .

پێنجەم : نووسەری ئەدەبی منداڵان ، نابێت خۆی راداو و ، باڵادەستی و فەنتازی خۆی لە نووسینەکانیدا دەربخات و ، چی دەوێت و چۆنی دەوێت و ، بە هەوەس و بە میزاجی خۆی بنووسێت ، بەڵکو پێویستە بیر لەوە بکاتەوە ، کە منداڵان چیییان دەوێت و ، چیان پێخۆشە و ، خولیا و ئامەزرۆی چین و ، تام و چێژ لە چ جۆرە بابەتێک وەردەگرن .

شەشەم : نووسەری ئەدەبی منداڵان ، پێویستە نووسینەکانی ، بە شێوازێکی ئاسان و ، بە زمانێکی پەتی و ، ئاسک و شیرین و ، روون و رەوان دابرێژێت . وشەکانی سادە و ساکاربن و ، رستەکانی کورت تەڕ و پاراوبن و ، لە فەرهەنگی زمانی منداڵانەوە وەریان بگرێت .. بیرۆکەی نووسینەکانی بێ گرێ و گۆڵ بن و ، وشک نەبن و ، گرێ کوێرە و پێچ و پەنایان تێدا نەبن .. پێویستە لە ئاستی هۆش و گۆش و بیر و ئەندێشە و توانای منداڵاندا بن .. نووسینەکانی لە جیهانی پاک و سادە و ساکاری منداڵانەوە دوور نەبن .. کە جیهانی وەنەوشەیی پڕ لە خولیا و هیوا و خەونی سەوز و شیرینە ، لەو بابەتانەبن کە سۆز و خۆشەویستی بخەنە دڵە قنجەکانیانەوە و ، زاخاوی بیر و هۆشیان بدەن و ، هیوای ژیانێکی خۆشتر و ، ئایندەیەکی باشتر و گەشتر بخەنە دڵیانەوە .. ئەگەر نووسینەکانی وانەبن ، منداڵان لێیان لووتەلا دەبن و بە ئەدەبی خۆیان نازانن .. بۆیە نووسەری ئەدەبی منداڵان ، ئەگەر بیەوێت لە نووسینەکانیدا سەرکەوتووبێت .. پێویستە ئەو راستییانە لەبەرچاوبگرێت .

حەوتەم : نووسەری ئەدەبی منداڵان ، پێویستە رەچاوی جیاوازییەکانی نێوان منداڵان بکات ، چ لە رووی تەمەنەوە ، لە ئاستی رۆشنبیری و وەرگرتنەوە ، لە رووی شوێن و ژینگەوە بۆ نموونە : ئاستی رۆشنبیری و توانای وەرگرتنی منداڵانی تەمەن حەوت و نۆ ساڵان ، لەگەڵ توانا و ئاستی رۆشنبیریی منداڵانی تەمەن یانگزە و ، دوانگزە ساڵاندا ، وەکو یەک نین و جیاوازیان هەیە .. هەروەهاش ئاستی زانین و رۆشنبیریی منداڵانی گوندنشینی ژینگە کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتی تەسک و سنووردار ، ناگاتە ئاستی رۆشنبیریی منداڵانی شارنشینی پێشکەوتووی شارستانیی ژینگەبڵاو و بەختەوەرتر .

هەشتەم : سەرەڕای بوونی بەهرە و توانای باشی ئەدەبی ، پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان ، شارەزایەکی باشی بواری دەروونزانی منداڵان بێت .. ئەوە بزانێت کە منداڵان هۆگری چین .. دەبێ نووسەری منداڵان ، هیوا و خەون و خەیاڵ و ئارەزووەکانی منداڵان بقۆزێتەوە و ، ببن بە ئیلهام بۆ بابەتی نووسینەکانی .

نۆیەم : هەر وەکو چۆن بەرد و برونز کەرستەی پەیکەرن ، رەنگەکان کەرستەی وێنەن ، دەنگەکان کەرەستەی موزیکن .. هەروەهاش زمان گرنگترین کەرەستەی دەربڕین و گوزارشتکردن و گەیاندن و نووسینە .. بەڵام زمان کەرەستەیەکی رەق و مردوو نییە کە نەتوانرێت دەستکاری بکرێت .. زمان لە داهێنانی خودی مرۆڤە ، لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەکردن و داهێنانی نوێدا .. زمانیش گەشە دەکات و پێش دەکەوێت و ، وشەی تازە لەدایک دەبن .. پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان ، تا رادەیەکی باش شارەزای زمان و رێزمانی زمانی گەلەکەی بێت .. بە تایبەتیش زمان و فەرهەنگی منداڵان .. شارەزای وشەسازی و جوانسازییەکانی زمانەکەی بێت .. چونکە بە هۆی شارەزایی و توانای زمان پاراوییەوە ، نووسەری ئەدەبی منداڵان ، دەتوانێت بە جوانترین شێوە و لە فۆرمێکی رازاوەدا ، نووسینەکەی پێشکەش بە منداڵان بکات .. ناوەڕۆکێکی باش ، لە فۆرمێکی خراپدا ، نووسین بێ پێز و لاواز دەکات و دەمرێت .

لە رێی ئەدەبی منداڵانیشەوە ، فەرهەنگی زمانی منداڵان رەنگینتر ودەوڵەمەنتر دەبێت . منداڵان بە هۆی زمان پاراویشەوە ، دەتوانن باشتر و جوانتر گوزارشت لە بیر و هزر و ئەندشە و ، لە سۆز و خۆشی و خۆشەویستیی خۆیان بکەن .

دەیەم : بەپێی پێوەرەکانی جوانسازی ، بە جوانی داڕشتن و ، رازانەوەی بابەتی نووسینەکان . هۆنراوە بن یا چیرۆک و شانۆ و پەخشان ـ کاریگەرییان لەسەر هۆگربوون و وروژاندنی حەزی خوێندنەوە و گوێگرتن و سەیرکردنی منداڵان هەیە .. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ، نووسەری ئەدەبێ منداڵان ناوەڕۆک بکات بە قوربانی فۆرم و تەکنیکی داڕشتن و جوانسازی .. پێویستە هاوسەنگییەک لە نێوانیادا دروست بکات .. شاعێرێک دەڵێ : " تا ئەمڕۆش نازانم ، چۆن ئەدەب دەتوانێت لە خەمەکان شتی جوان دروست بکات .. "

هەر ئەم نهێنییەشە ، هەندێ چیرۆک و هۆنراوە هەن ، کە چەندین ساڵ بەر لە ئێستا وتراون و نووسراون کەچی تا ئەمڕۆش تام وچێژی خویان لە دەست نەداون و منداڵان لە گوێگرتن و لە خوێندنەوە ولە دووبارەکردنەوەیان بێزارنابن .

یانگزەیەم : نووسەری ئەدەبی منداڵان ، دەبێ ئەوە بزانێت کە منداڵانی ئەمڕۆ منداڵانی دوێنێ و پێرێ نین .. منداڵانی ئەمڕۆ زۆرزانتر و بلیمەتر و چاوکراوەترن .. منداڵانی سەردەمی داهێنانی شتی سەیر و سەمەرن ، سەردەمی ئینتەرنێت و ، گۆشکردووی پەروەردەی نوێن .. وەکو ( کۆنفۆشیۆس) دەڵێ : " منداڵانمان ، منداڵانی چاخی ئێمە نین .. منداڵانی چاخی خۆیانن .. " .. ئەدەبی منداڵانیش نەچەقیوە و ریچکەی کۆنی شکاندووە و .. لە گۆڕانکاری و هاوچەرخی و پێشکەوتندایە .. بۆیە نووسەری ئەمڕۆی ئەدەبی منداڵانیش ، نابێت لاسایی شێوازی کۆن بکاتەوە ، رێبازی تەڵقین ئاسایی بەسەرچوو ، کە لە شێوەی فەرمان پێ کردن و ئامۆژگاریی وشکدا بیرۆکەی بابەتەکانی دادەڕشت .. شوورەی درکەزێی بە دەوریاندا دەکێش .. پێویستە سەردەمییانە بیربکاتەوە و ، نووسینەکانی لە ئاستی خواست و رۆشنبیری و پێویستییەکانی ، منداڵانی ئەم سەردەمەدا بن .

ئەمەو پێویستە ، نووسینەکانی دووربن ، لە شەڕانگێزی و شەڕخوازی ، لە توندوتیژی و زەبر و زەنگ و لە ترس و تۆقین ، لە رەشبینی و هیوابڕان و نائومێدی ، لە فروفێڵ و تەڵەکەبازی ، لە درۆ و دەلەسە و لەخشتەبردن ، لە رق و کینە و بوغز ، لە دژایەتی و دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوە ، لە ستەمکردن و زۆرداری و ئازاردان و بێ بەزەیی و چەوساندنەوە ، لە چەقاوەسوویی و بێ رێزی و بەدڕەوشتی و ، ... هتد . بەڵکو بە پێچەوانەی ئەم خەسڵەتە نێگەتیڤانە .. پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان ، بە پرانسیپ و بەها جوانەکان و ، بە رەفتاری باش و کاری خێرخوازی و ، بە پاکی و راستگۆیی و ، بە باوەڕبەخۆبوون و گەشبینی و ، بە ژیری و هیواخوازی و تێکۆشان و کۆڵنەدان و ، ئازادیخوازی و نیشتمان پەروەری و مرۆڤ دوستی و هاوڕێتی و یەکسانی و ، بە دڵسۆزی خۆنەپەرستی و ، ... هتد . لە رێی نووسینەکانییەوە ، منداڵانی ئەمرۆمان گۆش و پەروەرە بکات .. بەزمانێکی نەرم و شیرینی لە گەزۆش شیرنتر ، لەگەڵیاندا بدوێت .. تا ببنە تاکی سەرکەوتووی خێرەوەدەر و ، کۆمەڵگایەی باش و دروست و بەختەوەریان لێ بێتە کایەوە .. پێویستە ئەدەبی منداڵان لە پێناوی هێنانەدیی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا بێت.

( مەکسیم گۆرگی ) دەڵێ : " دەتوانین بە زمانێکی شیرین و گونجاوی .. دوور لە شێوازی راپۆرتەزانیاری ، بە راشکاوی بۆ منداڵان بدوێین .. "

دوانگزەیەم : لایەنی نیشتمان پەروەریی و سۆزی نەتەوەیی و ، دڵسۆزی و ئینتیمابوون بۆ نیشتمان و ، رێزگرتن لە مرۆڤ و ، دوستایەتی و پێکەوە ژیان و یەکتری قبوڵکردن و ، رێزگردن لە سەروەریی یاساکان و ، زانین ئەرک و مافەکان ، داکۆکیکردن لە راست و رەوا ، لە ئامانجەکانی ئەدەبی منداڵانن .. پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان ، لە نووسینەکانیدا ئەو ئامانجانە فەرامۆش نەکات و .. نووسەر خۆشی ببێ بە پێشەنگ و ، بە نموونەنەیەکی باش لەم رووەوە .

سیانگزەیەم : نووسەری ئەدەبی منداڵان ، پێویستە لە نووسینەکانیدا بێ لایەن بێت و ، لەژێر کاریگەریی هیچ ئایدیایەکی مەبەستداری سیاسیدا نەبێت .. بۆ بەرژەوەندییەکی تەسکی سیاسی ، منداڵانی ساویلکە و دڵپاک ، چاوبەست بکات و لاڕێیان بکاتەوە .

چواردەیەم : نووسەری ئەدەبی منداڵان ، پێویستە رۆشنبیرێکی گشتیی باش بێ و ، خوێنەرێکی بابەت هەمەڕەنگەی هەمیشەش بێت .. بە تایبەتیش زیاتر ئەو بابەتانە بخوێنێتەوە ، کە پەیوەندییان بە رۆشنبیری و ئەدەب و پەروەردەکردنی منداڵانەوە هەیە .. داهێنەر بێت و ، بیر لە داهێنان بکاتەوە .. وێڵی دوای بابەتی تازە بێت .

پانگزەیەم : پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان ، زۆر دڵنیابێت لە دروستی و راستیی بیرۆکە و ناوەڕۆکی نووسینەکەی .. دڵنیابێت لە راستیی هەر وشە و رستەیەک ، کە دەینووسێت .. چونکە هەر هەڵە و ناراستییەکی زانیاری و پەروەردەیی و ئەدەبی و زمانەوانی ، لە هۆش و بیر و ئەندێشەی منداڵاندا دەچەسپێن و ، راستکردنەوەیان ئاسان نابێت .. ئەو هەڵانەش لەسەر نووسەری منداڵان زۆر دەکەون و ، ئۆباڵی وەرگرتنی ئەو زانیارییانەش بە هەڵە ، لە لایەن منداڵانەوە ، لە ئۆباڵی نووسەری ئەدەبی منداڵاندایە و .. داوای لێبووردن و پاکانەکردنیشی بێ هوودەیە .

شانگزەیەم : نابێت نووسەری ئەدەبی منداڵان ، جیاوازی لە نێوان کچان و کوڕاندا بکات و ، تەنها کوڕان یا کچان بکات ، بە پاڵەوان و کەسایەتی و کارئەکتەرەکانی نووسینەکانی .. بەڵکو پێویستە هەست و گیانی یەکسانی و هاومافی و هاوئەرکی و هاوکاری و هاوڕێزی و خۆشەویستی و خوشک و برایی لە نێوانیاندا بسەپێنێت .

حەڤدەیەم : پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان ، بە دڵێکی فراوانەوە ، ئەو رەخنە و سەرنج و تێبینییە ئەدەبییانە وەربگرێت ، کە لە نووسینەکانی دەگرن .. گەشە بە لایەنە باشەکانی خۆی بدات و .. هەڵەکانیشی راست بکاتەوە و دووبارەیان نەکاتەوە .

هەژدەیەم : پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان ، لە رێی نووسینەکانییەوە ، پردێکی خۆشەویستی لە نێوان خۆی و منداڵاندا دروست بکات .. تا بچێتە دڵی منداڵانەوە و ، هۆگر و ئاشنای نووسینەکانی ببن .

نۆزدەیەم : پێویستە نووسەری ئەدەبی منداڵان ، ئەوەش بزانێت ، کە بە چ هۆیەکی گەیاندنەوە ، نووسینەکانی بە منداڵان دەگەیەنێت .. لە رێی کتێب و گۆڤاری چاپکراوەوە ، لە رێی راگەیاندنی بینراوەوە ( تەلەفزیۆن ) .. لە رێی نواندن لەسەر تەختەی شانۆ ، لە رێی سیدی و کاسێتەوە .. یا هەر هۆیەکی تر بێت ، چۆنکە هەریەکە لەو هۆیانە ، کومەڵێک مەرجی هونەری و پێویستیی تەکنیکیان هەیە .. مەرجەکانیش بە پێ جۆرەکانی نووسین بۆ منداڵان دەگونجێنرێن .. ئایا نووسینەکەی هۆنراوەیە ، چیرۆکە ، شانۆیە ، زنجیرە درامایە .. یا هەر بابەتێکی تر بێت .

بیستەم : نووسەری ئەدەبی منداڵان ، نابێت بیر لە دەسکەوتی مادی وسوودی تایبەتیی خۆی بکاتەوە ، کە لە رێی نووسینی بابەتی ئەدەبی منداڵانەوە بەدەستی بهێنێت .

لە کلاورۆژنەی ئەو مەرج و پێوەر و بنەڕەتییانەی سەرەوە ، کە پێویستە لە نووسەری سەرکەوتووی ئەدەبی منداڵاندا هەبن .. کەواتە بواری ئەدەبی منداڵان ، بوارێکی هێندە ئاسان نییە ، هەر پێنووس بەدەستێک رووی لێبکات و خۆی تاقی بکاتەوە ، بتوانێت بە ئاسانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت ، رووبارێکی هێندە تەنک و ئارام نییە ، هەر خۆبەمەلەوانزانێک خۆی بخاتە ناوی ، دەتوانێت بە هێمنی و ئاسانی مەلەی تێدا بکات و لێی بپەڕێتەوە .

دەشێ نووسەرێکی سەرکەوتووی بواری ئەدەبی گەورەکان بێت .. بەڵام لە بواری ئەدەبی منداڵاندا سەرکەوتوو نەبێت .. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نابەڵەدیی لە بواری پەروەردە و دەروونناسی و ، تایبەتمەندییەکانی قۆناغەکانی پێ گەیشتنی منداڵان و ، نەشارەزایی لە پرانسیپ و لە بنچینەکانی ئەدەبی منداڵان و ، نابەڵەدیی لە خواست و خولیا و ئارەزوو و هیوا و خەونەکانی منداڵان .

بە داخەوە ، لە ژێر ناوی ( بۆ منداڵان ) دا ، نووسینێکی زۆری کالوکرچ و بێ تام و چێژ و لاواز ، بڵاوکراونەتەوە یا بڵاودەکرێنەوە ، بەڵام لە راستیدا بەشێکی زۆری ئەو نووسینانە ، لە بیر و ناوەڕۆک و فۆرمدا ، نە بۆ منداڵان دەشێن و ، نە منداڵانیش بە نووسینی خۆیانیان دەزانن .

هەندێک پێیان وایە ، پێویستە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان ، دابەزن بۆ ئاستی منداڵی و خۆیان بکەنەوە بە منداڵان .. من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم .. چونکە ئەوان گەورەن و قۆناغی منداڵییان بەجێهێشتووە .. ناتوانن جارێکی کە ، وەکو منداڵان ئاسایی رەفتار و گوزارشت بکەن .. ئەمە وەکو ئەوە وایە ، کە گەورەیەک یارییەکی منداڵان بکات .. لە بەرچاوی منداڵاندا ، دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی و پێکەنین .. چونکە نە یارییەکەی لێ دێت و ، نە لاسایی کردنەوەکەشی لە رەفتاری سروشتیی منداڵان دەچێت .

دەربارەی ئەدەبی منداڵانی کورد ، من تا ئێستا بە زمانی کوردی و بە عەرەبی ، پێنج نووسینم لە گۆڤار و ماڵپەرەکاندا بڵاوکردۆتەوە .. بە نیازم لە دەرفەتێکی تردا ، چەند سەرنج و رایەکی ترم ، دەربارەی رەوتی ئەدەبی منداڵانی کورد بخەمەڕوو .

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ٢٨ی ژووئەنی ٢٠١٣

# شازادەی کورد لەیلا بەدرخان

( ١٩٠٨ - ١٩٨٦ )

ڕێناس نەورۆزی

لەیلا بەردخان لە مێژووی کوردستان و نەتەوەی کورددا یەکەمین کچی کوردە کە لە بواری هونەردا دەرکەوتووە. هەروەها یەکەمین کچیشە کە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە هونەری باڵێ دا دەرکەوتبێت و یەکێکیشە لە ناسراوترین ژنە سەماکەرەکانی جیهان لە ساڵانی ١٩٣٠دا.




لەیلا بەدرخان لە بنەماڵەی تێکۆشەری بەدرخانییەکانە و کچی عەبدولرەزاق بەدرخان و کچەزای بەدرخان پاشایە. لەیلا ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەنبوڵ لەدایکبووە. ساڵی ١٩١٣ دوای دەرچوونی بڕیاری قڕکردنی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، لەیلا لە تەمەنێکی زۆر بچووکیدا لەگەڵ دایکی ناچار بوونە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی کۆچ بکەن و ڕووبکەنە میسر و تەمەنی منداڵی لە وڵاتی میسر بەسەربردووە.

دوای یەکەم شەڕی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨) لەیلا بەدرخان لە میسر وەدەرکەوتووە و چووەتە ئەوروپا و لەوێ قۆناخەکانی ژیانی دەستپێکردووە. لەیلا لە وڵاتی سویسرا چووەتە بەر خوێندن و لە وڵاتی ئەڵمانیاش پەیمانگای هونەری باڵێی تەواوکردووە و پاشان لە وڵاتی فەرەنسا نیشتەجێ بووە.

هەڵپەڕکێ و سەما و گۆڤەند هەر لە منداڵییەوە سەرنجی لەیلایان ڕاکێشاوە، بۆیە لەیلا کە هێشتا منداڵ بووە بە ڕێگای سەیرکردنی سەمای ژنانەوە بە شێوەیەکی سروشتی خۆی فێری سەماکردن کردووە و زۆر خولیای سەماکردن بووە. بەتایبەتیش دوای نیشتەجێبوونی لە ئەوروپا هەموو ئامانج و حەز و خولیا و مەبەستی ژیانی سەماکردن و خوێندن و لێکۆڵینەوە بووە لە سەماکردن و ئافراندن بووە لە هونەری باڵێدا بەتایبەتیش ئەو سەمایانەی کە لەیلا بەدرخان نمایشی دەکردن هیچ سەرچاوە و بنەمایەکی نەبووە، بەڵکو داهێنانی بیر و ئارەزووەکانی خودی لەیلا بوونە، کە شێوازی تایبەت و زۆر سەرنجڕاکێش بوونە.

لەیلا بەدرخان لە ساڵی ١٩٣٠ تا سەرەتای ساڵانی ١٩٤٠ەکان سەما سەرنجڕاکێش و پڕ لە جەماوەرییەکەی خۆی لە وڵاتانی نەمسا، ئەڵمانیا، سویسرا، فەرەنسا، بەلجیکا، ئیتالیا پێشکەش کردووە. هەروەها لەیلا بەردخان بۆ نمایشکردنی سەما جوانەکانی بانگهێشتی ئەمریکا و کەنەدا و زۆر وڵاتی تریش کراوە. لەیلا بەردخان وەک کچێکی کورد کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەخۆ نمایشکردنیدا لە هونەری باڵێ بەتایبەتیش لەناو خەڵک بە شازادەی کورد دەناسرا. لەیلا بۆخۆیشی هەمیشە و بەوپەڕی شانازییەوە خۆی وەکو کچە کوردێک و خەڵکی کوردستان ناساندووە. نامە مێژووییەکانی لەیلا بەردخان ئەو ڕاستییانەمان بۆ دەسەلمێنن. هەروەها بنەماڵە تێکۆشەرەکەی بەدرخان پاشا کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە بۆ وەدەرکەوتنی لەیلا وەک کچە هونەرمەندێکی کورد. لەیلا تەمەنی زۆر بچووکبووە، کە (عەبدولرەزاق بەدرخان)ی باوکی کۆچی دوایی کردووە، وەلێ عەبدولرەزاق کاریگەرییەکی زۆری بەسەر لەیلای کچی بەجێهێشتبوو. عەبدولرەزاق بەدرخان تاکە ڕێبەری کوردە کە لە ماڵەکەی خۆیدا پیانۆی هەبووە.




شازادە لەیلا کچە کوردێکی ڕووناکبیر و دیرۆکزانیش بووە. زۆر حەزی بە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی مێژوو بووە. ناوبراو لێکۆڵینەوەی لەسەر مەراسیمەکانی ئایینی زەردەشتی، ئایینە کۆنەکانی ئێران و میسر و هیند و سەماکانی ئایینی ڕۆژهەڵاتی کردووە.

لەیلا بەدرخان توانی وەک یەکەم کچە هونەرمەند و یەکەم ژنە هونەرمەندی کورد بە ناسنامەی نەتەوەکەیەوە بچێتە لاپەرەکانی دیرۆکی جیهانەوە، ئەلبوومە مێژووییەکانی جیهان و ئەرشیفخانەکان پڕن لە وێنە جوانەکانی خۆنمایشکردنی شازادەی کوردان لەیلا بەدرخان.

لەیلا بەدرخان دوای ئەوەی تەمەنی بەرەوژوور ڕۆیشتووە، نەیتوانیوە چیتر بەردەوام بێت لەسەر نمایشکردنی هونەری باڵێ و سەما جوانەکانی، بەڵام بەردەوام بووە لە کاری ڕۆشنبیری و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە تا دواجار لە ساڵی ١٩٨٦ لە پاریسی پێتەختی فەرەنسا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

سەرچاوەکان:

* ڕۆڵ و کاریگەری بەدرخانییەکان لە مێژووی نەتەوەی کورددا- ڕێناس نەورۆزی (ئامادەی چاپ).

* **Kurdistan In the Shadow of History. By Susan Meiselas.1997**

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە / ٢١ی ئاگوستی ٢٠٠٤

# زەردەشت: مێژوو، زمان، کولتور، ناسنامە



## بەشی دووهەم و کۆتایی

هادی محەمەدی

چەند وشەی هەرە گرنگ کە لە گاتاکان دا رۆڵی بنەڕەتی دەگێڕن

**سیستمی فەلسەفی زەردەشت چۆن کار دەکات؟**

ئەهورا/ ahoora: تێرمی "ئەهورا" لە ئەندێشەی زەردەشت دا رۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێ و وەک مەزنترین هێزی بەدیهێنەر و بەرەوپێشبەر دەناسرێ.[٦]

ئەمشاسپەنتە/ amesha spenta: ئەمشاسپەنتان، یانی شەش گزنگی پاک و پیرۆز و نەمر. ئەمشاسپەنتان بریتین لە شەش گزنگ/فریشتە کە جیهانی سروشت و جیهانی مینوویی دەپارێزن. سپەنتەمینو یان ئەهورا مەزدا لە بەرزترین پلە و لەسەرەوەی ئەم شەش گزنگە دایە. پاشان ئەم شەش گزنگەی خوارەوە دێن:

ئەشا/asha: بە مانای راستی، بەمانای رەوت و ریتم و هارمۆنی گەردوونی و جیهانی، هێزێک کە جیهان بەرەو پێش دەبات، هێزێک کە دۆخی جیهان سامان دەدات. بەپێی جیهانبینی زەردەشت، هاوکات لەگەڵ بەدیهاتنی جیهان، ئەشا بەدیهاتووە؛ کاری ئەشا بریتییە لە بزاڤ و بزواندن و گەشە و پێشبردنی جیهان. تێرمی ئەشا لەگەڵ رۆحی جیهانی ئەفلاتوون و رۆحی سەردەمی هێگل بەراورد بکە. پورداود لەمەڕ دوو وشەی گاتایی "ئەشا" و "ئەشو" دبێژێ: "ئەشا بە مانای راستی و دروستی و یاسای یەزدانی و ئەخلاقی پاکە؛ هەروەها ئەشو لە وشەی "ئەشاوەنت"سەرچاوە دەگرێت، یانی مرۆڤێک کە راستی و دروستی پێرەو دەکات: راستکردار". ئەشا لە زمانی فارسی ئێستادا بۆتە ئوردیبەهەشت." لێرەدا دەبێ ئاماژە بەم راستییە بکەم کە ئەم دوو وشەیە لە زمانی کوردی ئێستادا شێوازی تازەتری بەخۆوە گرتووە و تا ئێستاش هەر بەکار دێت، چەندین وشەی وەکوو: ئەشێ، بشێ، ئەشیا، مەشیا، شیاو، شایان، لێوەشاوە و ...، چ لەباری فۆنەتیک و چ لەباری ماناوە لە دوو وشەی ئەشا و ئەشوو نزیکن و هەموویان خاوەن مانای باش و پۆزەتیڤن.

ڤەهومەنا/ vahumana: ئەم دەستەواژەیە لە دوو وشەی "ڤەهو" بە مانای باش، پاک، چاک، و "مەنا" بە مانای ئەندێشە، دەروون، مەبەست پێکدێت؛ کە پێکەوە دەبێتە ئەندێشەی پاک/دەروونی پاک. بەگشتی مانای ئەم چەمکە دەبێتە بەرزترین و باڵاترین ئەندێشە کە سروشت و گەوهەری ئەقڵی جیهانساز پێکدێنێ. [لەگەڵ تێرمی فۆرمی ئەفلاتونی/ سورەت مەعقول هگل بەراوردی بکە].

ئەم وشەیە لە زمانی فارسی ئێستادا بۆتە بەهمن، هومەن، لە کوردیش دا دوو وشەی هێمن و ئەهوەن زۆر لەم وشەوە نزیکن.

خشەترا/khshatra: وشەی خشەترا بەمانای وزە و توانایە؛ هەروەها راڤیاران چەندین مانای تریان لێ هەڵێنجاوە: زاڵبوون بەسەرخۆدا، دەسەڵاتی خودایی، وزە و توانای مرۆڤ و دەسەڵاتی ئەندێشە، هێزی ئیرادە و کۆشش، وڵاتی ئەهورایی، هەروەها بەمانای هێزی سەروەری و سازگاری. خشەترا وەک گزنگێکی ئەهورایی، هێما و نیشانەی هێزێکی بەدیهێنەر و بەرەوپێشبەرە، نەک هێزێکی کاولکار و روخێنەر. یانی کاری ئەهورا بەدیهێنانی هەستی و خۆشی و شادییە، بەهۆی وزە و تین و توانای ئەهورایی بەردەوام دۆخی هەستی پەرەدەستێنێ. ڤەهومەنا/ئەندێشەی پاک ئەگەر لە مێشکی مرۆڤ دا بمێنێتەوە دەرزێت و دەفەوتێ، کەوابوو تا کارا نەبێ و بەکار نەبرێ ناپشکوێ. خشەترا چونکە لەگەڵ ئەندێشەی پاک لە پێوەندی دایە، کەوابوو بریتییە لە کارێک کە ڤەهومەنا ئاشکرا و پراکتیزە دەکا. بەپێی ئەم وتانە، خشەترا کردارێکە کە بەپێی ڤەهومەنا پێکهاتووە، کەوابوو دەبێتە کرداری پاک؛ هەندێ لە وەرگێڕان لەجیاتی کرداری پاک، چەندین چەمکی وەک خزمەت بە خەڵک، هەوڵدان بۆ گەشە و ئاوەدانی و ... بەکار دێنن. خشەترا لە ئاڤێستادا، ناوی سێهەمین ئەمشاسپەنتە کە لە زمانی پەهلەوی دا بۆتە خشەتریڤەر و لە فارسی دا بووتە شەهریوەر. خشەترە لە ئاڤێستادا هێمای فەڕ و شکۆ و دەسەڵاتی ئەهورا مەزدایە. هەروەها دەکرێ بڵێین کە خشەترا لە زمانی فارسی و کوردی ئێستا دا بۆتە کردار، کردە.

ئارمەیتی/ armatii: لە گاتاکان دا بەمانای ئارامی، مێهرەبانی، هێمنی، خۆراگری بەکار هاتووە. ئارمەیتی یانی جۆرێک ئارامی مادی و مینوویی کە لە راستی هەوێن دەگرێ، ئارمەیتی یانی دڵئارامی، دەروونی ئارام. پوختەی دیدگا و جیهانبینی زەردەشت ئەمەیە کە ئەگەر مرۆڤ بەشێوەی بەردەوام خاوەن ئەندێشەی پاک بێ و ئەم ئەندێشەیە بە کرداری پاک بنەخشێنێ، ئەوجار دەتوانێ بە ئارامی دەروونی/دڵئارامی بگات و بەرەو پوختەیی و ژیانی جاویدان بڕوات. ئارمەیتی ئاکامی دەسەڵاتی "ئەشا"یە بەسەر جیهان دا. ئارمەیتی لە ئاڤێستادا پارێزەری زەمینە و چوارمین ئەمشاسپەنتە، لە مێژووی مەزدایی دا دوانزەهەمین مانگی ساڵ بە ناوی ئارمەیتی ناو نراوە و پێنجمین رۆژی رەشەمە بە رۆژی جێژن ناسراوە. [لەبیرم دێ ساڵانێک پێش ئێستا لە ناوچەی خۆمان ئێوارەی پێنجمین رۆژی رەشەمە ئاگرمان دەکردەوە و دەمانکرد بە ئاهەنگ و شادی، پیرەکان دەیانوت: لەم رۆژادا نەورۆزی کوردی دەست پێدەکات].

هەروتات/ haurvtat: بەمانای پوختەیی و پێگەیشتوویی، هەروەها بە مانای خۆناسین، خاراوبوون و تەندروستی. لە گاتاکان دا هەروتات بریتییە لە گزنگێکی ئەهورایی کە بەردەوام لەگەڵ ئەمرتات دێت. ئەم وشەیە لە زمانی فارسی دا بۆتە خورداد بەمانای خودای پارێزەری ئاوەکان.

ئەمرتات/ amertat: بە مانای نەمری و ژیانی جاویدان. ئەمرتات[٧] بریتییە لە گزنگێکیتری ئەهورایی. کەسێ کە بەپێی ئەندێشەی پاک بە قۆناغی پوختەیی بگات و خاراو ببێت، بە ئەمرتات/ نەمری دەگات. وەکچۆن زەردەشت بە قۆناغی ئەمرتات گەیشت و بەمجۆرە نەمر بوو. ئەمرتات لە گاتاکان دا شەشمین ئەمشاسپەنتە و پارێزەری گیا و درەختانە. رۆژی هەفتمی مانگی

گەلاوێژ/ مرداد بە رۆژی جێژنی ئەمرتاتان ناسراوە.

وەک دەبینین لە جیهانبینی زەردەشت دا هەروتات و ئەمرتات بە دواین هەنگاوی خاراوبوون دەژمێردرێن. یەکەم هەنگاو بریتییە لە ڤەهومەنا/ ئەندێشەی پاک کە لە هەنگاوی دووهەم دا لە قاڵبی ڤەهو خشەترا/ کرداری پاک دا دەردەکەوێ، پاشان دەگەینە هەنگاوی ئارمەیتی/ئارامی و بەمجۆرە لەگەڵ "ئەشا" کە بریتییە لە ڕەوت و هارمۆنی هەستی یەک دەگرین، بە هاودەنگی لەگەڵ ئەشا دەگەینە دوا قۆناغی هەروتات/پوختەیی و ئەمرتات/ نەمری.

* * *

پورداود لەمەڕ کێش و هارمۆنی و فۆرمی شعری گاتاکان دبێژێ: "گاتاکان دەقێکی شعری و هارمۆنیکە، بەڵام لە شعری ئەمڕۆی ئێران کە بە پێی عەروزی عەرەبی پێکهاتووە ناچێ، بەڵکوو لە شعری گەلانی هێند و ئورووپایی دەچێ." (گاتها، سرودەهای زرتشت، ابراهیم پورداوود، ل ٣١).

لێرەدا دیسان پێویستە ئاماژە بەم ڕاستییە هەرە گرنگە بکەین کە ڕاستە کێشی شعری گاتایی لە زمانی فارسی دا نەما و وەزنی عەروزی عەرەبی بەتەواوی زاڵ بوو، بەڵام لە زمانی کوردی دا وەزنی گاتایی هەر بەردەوام بوو و بێجگە لە شعر، دەیان و سەدان بەیتی فولکلۆری کوردی پێ هۆنراوەوە کە زیاتر هەر لەسەر فۆرم و کێشی گاتایی دانراون [بڕوانە بۆ تفحەی مزفریە، ئوسکارمان، ڕاڤە و وەرگێڕانی هێمن موکریانی، چاپی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠١١]؛ جگە لەوەش زۆربەی شاعیرانی هەورامی و گۆرانی ملیان بە وەزنی عەروزی عەرەبی نەدا و هەر بە کێشی بڕگەیی نووسیان؛ لەم نێوەش دا کێشی ٥+٥ زاڵترین کێشی شعری کوردی هەورامی پێکهێناوە، هەر لە هۆنراوەی کۆنی هۆرمزگان رمان/ ئاتران کوژان، تا بەرهەمەکانی سەیدی هەورامی و بێسارانی و مەولەوی تاوەگۆزی و غوڵام ڕەزا ئەرکەوازی و... هەموویان بە پێی کێشی بڕگەیی پێنج پێنج پێکهاتوون: ئاخر سەفەرن/ را خەیلی دوورەن/ مەنزڵ بێ پایان/ تووشە زەروورەن. [مەولەوی]. ئەمەش دیسان پێوەندی و نزیکایەتی دوو زمانی کوردی نوێ و ئاڤێستایی دەگەیەنێ.

## گاتاکان وەک دەقێکی گرنگی فەلسەفی و جیهانی

فەلسەفەی زەردەشت گرنگترین پشتخانی بزاڤی فەلسەفەی ڕۆشنگەری ئورووپا پێکدێنێ، بیرمەندانی چاخی ڕۆشنگەری هەر لە ڤۆڵتر، دیدرۆ، تا هێگل و نیچە و ... بۆ دارشتن و فورمولە کردنی سیستمی فەلسەفی خۆیان هەمویان بەجۆرێک پشتیان بە ئەندێشەی زەردەشت بەستووە؛ نیچە لە زمانی زەردەشتەوە تێکڕای سیستمی ئەخلاقی مەسیحی هەڵدەوەشێنێتەوە و سوپێرمەن دەخولقێنێ؛ من پێم وایە هێگل لە دارشتنی دوو چەمکی ڕۆحی ڕەها و فۆرمی ئەقڵانی دا بەقووڵی ئیلهامی لە دوو چەمکی "ئەشا" و "ڤەهومەنا"ی زەردەشت وەرگرتووە. هەروەها کاکڵی دیالکتیکی هێگل لە گاتاکانی زەردەشت دایە؛ لە گاتاکان دا زۆر جار باسی هێزێکی بەدیهێنەر و بەرەوپێشبەر دەکرێت، یان دەڵێ:




ئەی بریا ئێمە لەو کەسانە بین
کە هەردەم جیهان نوێ دەکەنەوە.

لە دینەکانی عبری و عەرەبی دا، کاتێ پەیامبەرێک بناغەی دین، یان سیستمێکی ئێتیکی/ ئەخلاقی دادەڕێژێ، وەها دەسەڵاتێکی ئەستوونی و متافیزیکی بە خودا دەدات کە هەر جۆرە وزە و ئیرادەیەک لە مرۆڤ دەستێنێتەوە؛ خودا بە وەها دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ سنوور دەگات کە تەنانەت لە خشەی مێلوەرە ئاگادارە و گەر بە ویستی ئەو نەبێ مرۆڤ ناتوانێ هەناسەش بدات، تا چ بگات بەوە کە دنیا بگۆڕێ و چارەنووسی خۆی دیاری بکات. بەمجۆرە مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی هێزێکی خەیاڵی و متافیزیکی کە خۆی دروستی کردووە. بەڵام مرۆڤی وشیار، بە خوێندنەوەی گاتاکان هەست بەم ڕاستیە دەکات کە پێوەندی زەردەشت و ئەهورا مەزدا، پێوەندی بەندە و خودا نییە، پێوەندی ئاسۆیی ئەستوونی نییە، بەڵکوو پێوەندی دوو هاوڕێ یە، یان بەوجۆرە کە میخایل باختین دبێژێ، پێوەندی دیالۆگیی دوو سوژەی ئینسانییە.

ئەی ئەهورا مەزدا
بە من بڵێ، وەک دوو هاوڕێ
کە چۆن لەبەر تیشکی ڕاستی دا
پوختە و خاراو دەبم و
بە دڵ و دەروون شاد ئەبم؟
گاتاکان، سروودی نۆهەم، بەندی ٨

کاتێ بیرمەندانی سەردەمسازی ئورووپا بە پشتبەستن بە فەلسەفەی زەردەشت، سەرخان و ژێرخانی جڤاکی خۆیان سەرلەنوێ دادەڕێژن و سامانێکی مۆدێرن و سازگاری کولتوری کۆمەڵایەتی پێکدێنن، ئەی نەتەوەی کورد، وەک گەلێکی بندەستی بێ ناسنامە کە خاوەنی ڕاستەقینەی بیر و ئەندێشەی زەردەشتە، بۆ لەم خەزێنە هەراوە کە سەرچاوەی کۆن و زۆڵاڵی زمان و گیانی کوردی پێکدێنێ، سود وەرنەگرێ و کولتور و ناسنامەی خۆی پەرداخ و نوێژەن نەکاتەوە؟

بەداخەوە بەهۆی هێرشی عەرەب و هەڵکردنی "بای دڕکاوی سەحرای لە شمشێر زاو"[٨]، کورد و هەموو نەتەوەکانی ئێران و ناوچەکە، ئەوە سەدان ساڵە لە ڕێباز و فەرهەنگی زەردەشتی دابڕاون و بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی عەرەبی و چەندین توخمی وەک درۆ و ڕیا و فریوکاری، ترس و سام و خەم و خەفەت و تازیەباری، بەجۆرێک لە فەرهەنگی ڕەسەنی ئەهورایی دابڕاون و تووشی

لەخۆنامۆیی هاتوون، کە ئاسۆی گەڕانەوە بەرەو راستی و ئەندێشەی پاک و خۆشبەختی و ئاوەدانی بەم زوانە بەدی ناکرێت.

لە وەها دۆخێکی مێژوویی دا، گرنگترین و دژوارترین ئەرکی رۆشنبیری کوردی ئەوەیە کە لە نێوان ئەندێشەی زەردەشت و بیری مۆدێرنی رۆژاوایی دا سەنتێز بسازێ؛ یانی بەجۆرێک ئەم دوو توخمە تێکهەڵکێشێت کە هەم لە مێژووی سوژە و ناسنامە و کولتوری کوردی دا وەرچەرخانێک بخولقێنێ، هەم کارەکەی هێندە رەسەن و مۆدێرن و بەهێز بە ئەنجام بگەیەنێ کە نەتەوەی کورد وەریبگرێ و گیانێکی تازەی تێبکەوێ، بەجۆرێک کە بتوانێ خۆی لە کۆیلەتی رزگار بکاو بە ئازادی و سەروەری بگات.

بە ئەزمون دەرکەوتووە کە رۆشنبیرانی وڵاتانی دواکەوتوو کە هەموو شتێکیان لە ئوروپا وەردەگرن، یەکەم خۆیان خاوەن هیچ هونەرێک نین، بەڵکوو تەنیا بیر و شتی خەڵکی تر کۆپی دەکەن، دووهەم خەڵکی وڵاتەکەیان بیری ئەوان وەرناگرێ و تووشی شکست و تەنیایی دەبن.

لە گاتاکانی زەردەشت دا زۆر چەمکی وەک ئازادی، ئارامی، راستی، یەکسانی، ئەقڵانیەت، شادی، بەختیاری و ... هەیە کە لەگەڵ تۆلێرانس و فرەچەشنی و ئازادیخوازی و هیومانیزمی رۆژاوایی دا بەتەواوی دێتەوە و بەمجۆرە ئەم دوو لایەنە دەتوانن یەکتر تەواو بکەن. سوژەی کوردی بە گەڕانەوە بۆ گاتاکانی زەردەشت دەتوانێ خەزێنەیەکی هەراوی فکری فەلسەفی بەدەست بێنێ، خەزێنەیەک کە هەوێن و بناغەی گیان و کولتور و زمانی کوردی پێکدێنێ و وەکوو ئایینەکانی عیبری و سامی لەگەڵ مرۆڤی کورد نامۆ نییە. ئەگەر کورد بەشێوەی جدی ئاوڕ لە گاتاکان بداتەوە و لە کولتور و دیسکۆرسی خۆی دا ئەندێشەی زەردەشت بژێنێتەوە، بەمجۆرە دەتوانێ تۆکمەترین سیستمی ئێتیکی ئەخلاقی بەدەست بێنێ و بەتێکهەڵکێش کردنی لەگەڵ هیومانیزمی رۆژاوایی، هەم مرۆڤی مۆدێرن و خاوەن باوەڕ بخولقێنێ، هەم بۆ پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی خاک و کۆمەڵگە بەرنامەی شیاو دابڕێژێ.

لە کۆتایی دا سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هاوڕێی خۆشەویستم، شاعیری خاوەن زەوق، کاک ئەیاز سیاوەشان دەکەم کە بە وردی دەقی گاتاکانی خوێندەوە و بە وردبینی و تێبینییەکانی ئەم دەقەی پوختەتر و پاراوتر کرد.

هادی محەمەدی، سلێمانی/ ٢٠١٢

سەرچاوەکان:

١- گاتها، سرودەهای زرتشت، شرح و پێشگفتار ابراهیم پورداوود، تهران ١٣٨٩، نشر جامی.
٢- اوستا، گزارش و پژوهش، جلیل دوستخواه، تهران ١٣٨٥، نشر مروارید.
٣- زەردەشت هیوای زگاری، بابان سەقزی.
٤- ئاڤێستا لەمێژینەترین سروودی کوردی، بەرگی یەکەم گاتاکان، جەلیل عەباسی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣
٥- ژوانی یەسنا، کۆمەڵە بابەتێکی شوێنەوارناسی و مێژوویی لەمەڕ هەورامان و ئایینی زەردەشت، جەلیل عباسی، چاپی ناوەندی ئاڤێستا، هەولێر ٢٠٠٨.
٦- وڵاتی کەیانیان و زەردەشت و هەورامان لە ئاڤێستا دا، د. محەمەد ئەمین هەورامانی، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١١
٧- گاتها، سروودهای اهورایی زرتشت، پژوهش دکتر خسرو خزاعی، بلژیک، بروکسل ٢٠٠٦:
٨- یشتها، ابراهیم پور داوود
٩- ترجمەای بر فروردین یشت اوستا، عمادالدین دولتشاهی، نشر خیام، تهران ١٣٧٧
١٠- جغرافیای غرب ایران(کوههای ناشناختەی اوستا)، عمادالدین دولتشاهی، نقش جهان، تهران ١٣٦٣
١١- زرتشت چە می گوید؟ پژوهشی در گاتهای زرتشت، هومر آبراهامیان، نشر بنیاد فرهنگ ایران.
١٢- واکنش غرب در برابر زردشت، جی. دوشمن، گیمن، ترجمە: تیمور قادری، نشر امیر کبیر، تهران
١٣.٨٥. شانامەی کوردی (هەورامی) ئەڵماس خان کەنوولەیی، کۆکردنەوەی محەمەد رەشید ئەمینی، هەولێر ٢٠٠٧.

[1] . ئەم پرسەم لە کتێبی هەرێمی شین دا بەکورتی و، لە کتێبی سەگەکانی تۆتالیتاریزم دا بە پوختی باس کردووە.

[2]. هەروەها شەرەفخان بەدلیسی لە شەرەفنامەدا دەڵێ رۆستەم و فەرهاد هەر دوو کورد بووگن. جگەرخوێنی شاعیریش لە شعری کینەم دا دەڵێ:

کوڕێ گۆهدەرز و سالار و رۆستەم
کوڕێ فەرهاد و شێرگۆهـ و دەیسەم

[3]. دەوڵەتشاهی دەڵێ: زابولستان نییە و "زابان"ە، ئەمەش مەبەست دەڤەرێکە لە کوردستان کە هەر دوو روباری زابی گەورە و زابی بچووک دەگرێتەوە و دەبێتە زابان.

[4]. خاڵێکیتر کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەم، پرسی شانامەی کوردی و نەریتی شانامەخوانییە لە دەڤەری کرماشان و بەتایبەت لەناو خەڵکی یارسان دا، کە سەرەڕای هەموو ئاڵوگۆڕێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دابڕانی خەڵک لە داب و نەریتە کۆنەکان هێشتا هەر بەردەوامە و گرنگی پێ ئەدرێ. هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین کە شانامەی کوردی چ لەڕووی فۆرم و ستایل و تا رادەیەک لە ناوەرۆکیش دا جیاوازە لە شانامەی فیردەوسی، بۆ وێنە لە کتێبی شانامەی کوردی دا چوار چیرۆک بە ناوی برزوو و فەلاوەند، بەهمەن و فەرامەرز، رەزمی حەوت لەشکەر و رۆستەم و زەردەهەنگ هەیە کە لە شانامەی فیردەوسی دا نییە؛ [بڕوانە بۆ شانامەی کوردی (هەورامی) ئەڵماس خان کەنوولەیی، کۆکردنەوەی محەمەد رەشید ئەمینی، هەولێر ٢٠٠٧]، ئەمەش نیشانەی ئەم راستییە کە حەماسە و کولتووری پادشایانی کەیانی لەم دەڤەرەدا رووی داوە و لە مێژوو و فەرهەنگ و بیرەوەری خەڵکی ئەم دەڤەرەدا بە قووڵی رەگی کوتاوە. لەژێرەوە بەشێک لە شانامەخوانی دەڤەری کرماشان دێنمەوە کە بەدەنگی دەروێش قولی کرندی تۆمار کراوە:

جەمشید جەم بی جەمشید جەم بی
ئەوسا دەوران جەمشید جەم بی
سەرانسەر ئێران پڕی نە خەم بی
نام جەم پەری ئێرانی شەم بی
زاڵ کورس نشین ئەیوان زەر بی
سەڵسال خیاڵەش خێران شەڕ بی
سام سایو گورز نوسەد مەنی بی
کەیقوباد نە تەخت دانە بەنی بی
کەیکاوس نە کەیف کەیان کەی بی
زاڵ نە زوهاکێ عەقڵ و فام ڕەێ بی
گودەرز دەفتەردار مێرزای سەرمەخش بی
خێزان خروش شای سیاوخش بی
زوور زووردار زات سوراب بی
زەنوون هام بەیعەت ئەفراسیاب بی

[٥]. لەمەڕ دیدگای بوێرانەی شاملو سەبارەت بە فیردەوسی و شانامە، بڕوانە بۆ ئەم لینکە:
http://www.iwsn.org/aashr/3/shml/neg/j.pdf

[٦]. ڕەنگە لە هەموو بان [فەلات]ی ئێران دا، بێجگە لە کوردستان، هێما و ئاسەواری ڕۆشن لە وشەی ئەهورا بەدی ناکەین. لە کوردستان دەڤەرێک هەیە بە ناوی "ئاهورامان" [هەورامان]، خەڵکێک هەن بەناوی "هەورامی" و، مەقامێکی هەرە کۆن و مێژوویی هەیە بە ناوی "هۆرە" کە هێشتاش هەر چریکەی دێ. مرۆڤی وشیار بە وردبوونەوەیەکی کورت لە فۆنەتیک و مانای سێ وشەی ئاهورامان و هەورامی و هۆرە، زایەڵەی دەنگی ئەهورا دەبیسێ و دڵنیا دەبێ کە زێدی ڕەسەنی زەردەشت و ئاخێزگەی ئەندێشەی زەردەشت، کوردستان/هەورامان بووە. هەروەها وشەی "مەزدا"ش [بەمانای زانای گەورە]، لە زمانی کوردی تا ئێستادا بەشێوەی "مەزن"، بەمانای گەورە هەر بەکار دێت. جگە لە مەش زۆر وشەی کۆنی کوردی وەک فرە، ئاریان، بادینان/بەهدینان [ناوچە و زاراوەیەک لە کوردستانی باشور] و ... هەموو ڕیشەیان لە زمانی ئاڤێستا دایە. یان دوو وشەی زاڵ و سام، کە ناوی باب و باپیری ڕۆستەم، ئێستاش لە زمانی کوردی دا هەر زیندوون و خاوەن مانای شیاون. زاڵ: یانی سەرکەوتوو؛ سام: یانی سامناک، ترسێنەر؛ کە هەر دوو مانا لەگەڵ خەسڵەتی باپیری پاڵەوانی ئەفسانەیی دا دێنەوە. بەڵام کاتێ ئەم وشانە دەدەیت بە فەرهەنگی دهخدا، کە مەزنترین فەرهەنگی فارسییە، مانایەکی شیاوت دەس ناکەوێت.

وەک دەزانین لە زمانی ئاڤێستایی دا چەند دەنگ، یان مورفیم هەن کە بە ئەلف و بێی ئێستای کوردی و فارسی نانووسرێن، بەڵام تا ئێستاش لە ناوچەکانی هەورامان و دەوروبەردا ماونەتەوە و لە ئاخافتن دا دەبێژرێن، من لێرەدا ئاماژە بە دوو مورفیم/ دەنگ دەکەم: یەکەمیان هەر وشەی دەنگ [ئەڵبەت نەک بە تەلەفزی گ]، بەڵکوو بە بێژی لەچەشنی لانگ /language ی ئینگلیزی، کە دەبێ لەبێژ کردن دا بانی زمان بلکێت بە ئاسمانەی دەمەوە؛ هەروەها دووهەم دەنگ لە چوار وشەی ئەگا(بە هەورامی یانی دایک)، کەورگ، دادار، شاد دا [ئەڵبەت نەک بە تەلەفزی گ و د]، بەڵکوو بۆ تەلەفوز دەبێ لای ڕاستی بانی زمان بلکێنی بە ئاسمانەی دەمەوە، ئەڵبەت نەختێ ژوورتر لە بێژی دەنگ؛ ئەمەش نیشانەیەکە لە میراتی زمانی ئاڤێستایی کە لەم دەڤەرەدا ماوەتەوە. سادق هدایەت لە تەرجمەی بەهمەن یەشت دا، کاتێ دەگاتە وشەی "دادار"، دەڵێ ئەم وشە لە سەردەمی کۆن دا بە "داذار" بێژ کراوە. یانی هدایەتیش نەیزانیوە کە ئەم مورفیمە تا ئێستاش لە دەڤەری هەورامان ماوەتەوە. [زند وهومن یەسن، ترجمە هدایت، نشر جامەداران، تهران ١٣٨٣].

هەروەها زمانی ئاڤێستایی دەڵێ: ڤەئێچە: یانی کەلام، گوتار، یانی بڵێ؛ هەورامی دەڵێ: واچە، ئەردەڵانی دەڵێ: بێژە، سۆرانی دەڵێ: بڵێ، کرماشانی دەڵێ: بووشە، فارسی دەڵێ: بگو؛ وەک دەبینین نزیکترین زارەوە لە زمانی ئاڤێستایی، بریتییە لە زاراوەی هەورامی.

تەنانەت ڕیشەی وشەی "ئێران"یش لە وشەی "ئایران"ی هەورامی/ئاڤێستایی بەمانای شوێنی ئایر/ئاگرەکان وەرگیراوە. هەروەها وشەی "ئیرەوان" لە ئایرەوان دروست بووە، وشەیەکی کۆنی هەورامی بە مانای پارێزەری ئاگر، ئاگرەوان. چونکە وەک دەزانین ئاگر لە ئایینی زەردەشت دا دەوری گرنگی هەیە و هەم گەرما و روناکی بە ژیان دەدا، هەم هەوێنی ژیار و شارستانیەت و هەم هێمای پاکی و پیرۆزییە؛ ئەو سەردەمەش لە زۆر شاخی وڵات دا ئاتەشگە هەبووە، ئاگر وەک هێمای ئایینی ڕاستی هەردەم لە مەشغەڵان دا بووە. بۆیە ناوی زۆر شوێن و وڵات لە ئایر/ ئاگر وەرگیراوە. [بڕوانە بۆ ژوانی یەسنا، جەلیل عەباسی].

هەروەها لە دەقی ئاڤێستادا دوو چەمکی مەزدیەسنا [مەزدا پەرەستی] و دێویەسنا [دێو پەرستی] وەک دوو هێزی ڕووناکی و تاریکی، چاکە و خراپە، ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەگێڕن. ئەم دوو ناوە تا ئێستاش لە کوردستان و لە دەڤەری هەورامان، وەک ناوی شوێن بەدی دەکرێن:

١) مەزدیەسنا؛ لە شاخی کۆسالان لە نزیک هەواری ژۆنی، گردۆڵکەیەک هەیە بەناوی "مەیەسەنا" کە هەر هەمان "مەزدیەسنا"مان بیردێنێتەوە، ئەم وشەیە بە تێپەڕینی کات و سەردەم و مێژوو، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە مەیەسەنا. جگە لەوەش گردی مەیەسەنا شوێنێکی زەنوێر و سازگارە و لەتەک مانا و ناوەڕۆکی ئەم دەستەواژەیەدا دێتەوە.

٢) دێویەسنا، لە رۆژاوای گوندی پاڵنگان، لەودیو دەرەیەکی تەنگ، لە بناری شاخی شاهۆ، لەنێو دۆڵێکی قووڵ، گوندێک هەڵکەوتووە بە ناوی "دێوەزناو"، ناوی ئەم گوندەش مرۆڤ بەرە و بیرکردنەوە و تێرامان دەبات کە ئەمە هەر هەمان دێویەسنایە کە بوو بە "دێوەزناو"، هەڵکەوتەی سروشتی و جوغرافی ئەم گوندە، هێندە سەخت و ئەستەم و تووش و چەمووشە کە بەتەواوی لەگەڵ مانا و ناوەرۆکی دێویەسنادا دێتەوە.

هەروەها "یەسنا" بە مانای سروود و پەرستش، لە زمانی کوردی دا سواوە و بووە بە یەسن/ یەزن؛ کە هەر ئێستاش ناوی گۆرانیەکە و بەمجۆرەیە:

*ئەرێ یەزن یەزن یەزن*
*سینگەکەت باخچە رەزن*
*مامۆستا فەرمویەتی*
*گەورە کچ ماچ بە بە من*
*یانی بەمجۆرە دەکرێ دێویەسنا بوویێت بە دێویەزنا/دێوەزناو...*

[٧] . لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەم راستییە بکەم کە دوو وشەی ئینگلیسی **mortal** و **immortal** بە مانای بمر و نەمر، دەگەڕێنەوە بۆ وشەی گاتایی مرتات و ئەمرتات، خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە پێشگری "ئە"ی گاتایی، هەتا ئێستاش لە زمانی ئینگلیسی دا هەر هەمان رۆڵی نەفی دەگێڕێ. ئایا بەمجۆرە ئەتوانین بێژین کە زمانی گاتایی/ کوردی کۆن، بناغەی هەموو زمانە هند و ئوروپاییەکان پێکدێنێ؛ لەم بابەتەوە تۆژینەوەی تازەی دوو توێژەری نیوزلەندی کە بەم ئاکامە گەیشتوون کە زێدی هەموو زمانە هند و ئوروپاییەکان دەڤەری ئاناتولی/ کوردستانی باکوور بووە، ئێجگار سەرنجراکێشە.

[٨] . تا ئێستا لەنێو ئەو دەقانەدا کە باسی هێرشی عەرەب بۆ سەر کوردستان، و هێرشی کولتوری شمشێر بۆ سەر تریفەی گاتاکان دەکەن، هیچ دەقێک وەک قەسیدە شعری "ئاوابوون و بوومەلەرزە"، بەرهەمی شاعیری مەزنی کورد، شێرکۆ بێکەس، سەرنجی رانەکێشاوم. لێرەدا کوپلەیەک لەم شعرە مەزنە وەک نموونە دێنمەوە:

ئاوابوون بوو/ ئەی شەفەقی لە خاچدراوی جەستەم و مانگی کوژراو/ ئاوابوون بوو/ وەک زەردەپەڕی گاتاکان لە پەرسگەی رووناکیدا/ وەک پووکەپووکی درەخت و/ وەک بینایی داروبەرد و/ سیمای کێو و نیگای هەور و چاوی رێ و بان/ وەک ئاگردان/ وەکوو دایکم/ هەموو کەلەپۆکان گریان!

غەزای سەربرینی شاخ بوو، غەزای رۆحم... غەزا/ غەزای دەروونی داربەڕوو/ غەزای بەفر و/ غەزای وشەم/ غەزای گوڵجاڕی ئاڤێستا!/ لێشاو بوو. لێشاو بوو، لێشاو/ لێشاوی پێکەنینی لم/ قاقای رم و قاقای دەف و قاقای تەپڵ/ لێشاوی خۆڵی بیابان: لە هەڕەتی تەپ و تۆزی سەرکەوتوودا/ لێشاوی دوورگەی نەفرین بوو/ لە هەڕەتی خوێن جمانی شیر و شمشێری لەشکردا...

چاوەکانی خۆشەویستی/ چاوی نەستمان/ وەک قوتیلکە کزەکانی سەر تاشەبەردی ئاتەشگە کوژانەوە و/ بوو بە ئاهەنگی خەلیفە و/ جەژنی فەتحی کافرستان...

ئاوابوون بوو/ ئاوابوونی عشق لە مەرگ داو/ مەرگ لە عشقا/ "شین و شەپۆڕی باران بوو" هەستانە سەر پێی زریانی زەردی لم و/ چۆک دادانی چیاکان بوو/ ئاوابوون بوو/ خۆرنشینی بانگی موغ و/ پژانی شعر و گۆرانی و/ توانەوەی ئێسکی هەتاو و/ هەڵوەرینی سەروقژی دڵداران بوو

ئاوابوون بوو/ خەرەندەکان پڕ بوون لە تەرمی دارگوێز و/ پڕ بوون لە سکڵی کوژراو و/ پڕ بوون لە گوڵی جوانەمەرگ/ بێشەیەک شمشێر ئەجووڵێ و دێتە پێشێ.

ئاوابوون بوو/ کانی وەک مناڵ ئەترسێ/ پیاو وەکوو چیا ئەترسێ/ مێژووش وەک درەخت ئەسووتێ/ بێشەیەک شمشێر ئەجووڵێ و دێتە پێشێ/ غەزا بوو... غەزا بوو... غەزا.../ ئاو لەسەر تاوێر خۆی ئەکوشت/ دابڕان بوو/ جوێبوونەوە و دابڕان بوو/ داچۆڕانی دوا تنۆکی زەردەخەنەی گاتاکان بوو/ رنینەوەی دەنگی شاخ و/ بڕینەوەی رەنگەکان و/ دابڕانی کات لە شوێن و شوێن لە کات بوو/ بێشەیەک شمشێر ئەجووڵێ و دێتە پێشێ...

لە سەرانسەری ئەم کافرستانە جوانەدا/ باڵندەیەک نەما کوێر نەبێ/ هەورێک نەما نەزۆک نەبێ/ باخێک نەما ئیفلیج نەبێ/ ئاوابوون بوو/ توانەوە و دابڕان بوو.

"ئەوەی بیستتان ئەوە دەنگی جەستەی من بوو/ ئەوە زریکەی مەمکم بوو، قیژەی بەژن و گەردنم بوو..." من کچە چاو سەوزێکی میدیاییم/ ناوم ناهیدە/ شەرابی گاتاکان لە ناوەکەم ئەچۆڕێتەوە/ من بە ناوی ناهیدی خوداوەندی جوانی و مێهرەوە ناو نراوم/ گەڵا زەیتوون چاومە و چاوم گەڵا زەیتوونە/ باڵام کڵپەیەکی کەڵەگەتە، گەردنم کێلی رەوەزانە/ ئەو شەوەی لەدایک بووم/ مانگ لە دەربەندی پیرەمەگروون قەتیس مابوو/ ئەو شەوە لەدایک بووم/ لە تێلی تاوسیانەوە پێچام و/ حەوت جار بە دەوری ئاگرێکی خۆش دا گێڕایانم/ چل قومری باڵ شین بۆیان ئەخوێندم/ چل گوڵە هێرۆشیان کردبوو بە چەتری سەرسەرم/ ئەو خاڵەی لەسەر تەختی تەوێڵمە نیشانەیە/ ئەوە شوێن ماچی پیرۆزی ئەهورا مەزدایە/ من لە دەستەی فریشتە سپییەکانی میدیام/ باوکم رەزەوانی پەرسگە گەورەکەمانە/ باوکم بە ریشە سپییەکەیەوە لە درەختی نووری ئاڤێستا ئەچێ/ من تاقانەی ئەو بووم/ وەک تاقانەی زنەی قاقرێک/ "مەردۆخ"ی پاڵەوانی سەرسنگ نەخشاو/ بە سەرە بەرانی پیرۆز عاشقم بوو/ چەندین بەوری بۆ کوشتم/ چەندین پڵنگی بۆ راو کردم/ هەتا بای دڕکاوی سەحرای لە شمشێر زاو نەگەیشتبوو/ ئاسمان و زەویمان وەک پەڵەهەوری سپی و گوڵەگەنم پاک بوون/ کە بای رەش گەیشت/ بای وەشتمان مرد/ بوو بە زەمانی کولەبارین/ بوو بە زەمانی ئەڤین هاڕین...

سەرچاوە: ئاوابوون و بوومەلەرزە، لە ناملیکەی ئافات، کۆی بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس.

تێبینی: ئەم بابەتە، پێشەکی کتێبی "گاتاکان، سرووده ئەهوورایییەکانی زەردەشت"ە کە لە لایەن "هادی محەمەدی"، وەرگێری ئەم کتێبەوە نووسراو. نووسەری کتێبەکەش: د. "خەسرەو خەزاعی"یە.

سەرچاوە : ماڵپەری : ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ / ڕێکەوتی : ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢




# Sermawez ٢٧١٣ سەرماوەز

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ١ 22 |
| ٢ 23 | ٣ 24 | ٤ 25 | ٥ 26 | ٦ 27 | ٧ 28 | ٨ 29 |
| ٩ 30 | ١٠ Dece 1 | ١١ 2 | ١٢ 3 | ١٣ 4 | ١٤ 5 | ١٥ 6 |
| ١٦ 7 | ١٧ 8 | ١٨ 9 | ١٩ 10 | ٢٠ 11 | ٢١ 12 | ٢٢ 13 |
| ٢٣ 14 | ٢٤ 15 | ٢٥ 16 | ٢٦ 17 | ٢٧ 18 | ٢٩ 19 | ٣٠ 20 |
| | | | | | | ڕەحمان نەقشی |


گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : ڕەحمان نەقشی



r_ neqsi@yahoo.ca